حکومەتی هەرێمی کوردستان– عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# باخچە و ڕووەکەکانی جوانی

دانانی

سەدرەدین نورەدین ئەبوبەکر
شارەزای کشتوکاڵ

عەباس نادر قادر
ئەندازیاری کشتوکاڵ

چاپی یەکەم ٢٧١١ کوردی ٢٠١١ زایینی

**کۆمپیوتەر و هەڵەچن و نەخشەسازی ناوەوە:** صدرالدین نورالدین ابوبکر

**نەخشەسازی ناوەوە:** عباس نادر قادر

**زمانەوانی و هەڵسەنگاندنی زانستی:** صدرالدین نورالدین ابوبکر

**سەرپەرشتی هونەری چاپ:** زاگرۆس محمود عرب

عوسمان پیرداود

**جێبەجێکردنی بژاری هونەری:** ئاری محسن احمد


## ناوەرۆك:


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی.............................................. | ٧ |
| پاژی یەکەم: بەشی یەکەم: باخچەکان........................ | ٩ |
| سوودەکانی باخچە: ......................................... | ١٠ |
| پێڕەوەکانی ( سیستەمەکانی ) نەخشە سازی باخچە:.......... | ١٢ |
| پێڕەوی ئەندازەیی:......................................... | ١٢ |
| پێڕەوی سروشتی (سیستەمی خۆڕسکی):..................... | ١٣ |
| پێڕەوی نوێ و تێکەڵاو.................................... | ١٤ |
| جۆرە باخچە بەناوبانگەکانی جیهان:......................... | ١٤ |
| ١- باخچەی فیرعەونەکان:.................................. | ١٤ |
| ٢- باخچەی ئێرانیی:....................................... | ١٤ |
| ٦- باخچەی ژاپۆنی:....................................... | ١٦ |
| باخچەکانی کوردستان: ..................................... | ١٦ |
| جۆرەکانی باخچە بە پێی تایبەتمەندیەتیان:................... | ١٧ |
| پێکهاتەکانی باخچە بە شێوەیەکی گشتی:.................... | ٢٤ |
| یەکەم: کۆمەڵەی دامەزراوەکان:.............................. | ٢٤ |
| ڕێگاو ڕێڕەو و پەیژەکان:.................................... | ٢٤ |
| تاڤگەو فەوارە (نافوورە)کان: ................................. | ٢٤ |
| کورسی و سابات و سەکۆکان: ............................ | ٢٥ |
| دووەم: کۆمەڵەی رووەکیی:................................... | ٢٩ |
| لە کاتی دانانی نەخشەی باخچەدا رەچاوی ئەم ................ | ٢٩ |

| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| هەنگاوەکانی نەخشەسازی باخچە:...................... | ٣٠ |
| هەنگاوەکانی داگرتنی نەخشە و دامەزراندنی باخچە:........... | ٣٠ |
| بەشی دووەم: ڕووەکەکانی باخچە:........................ | ٣٤ |
| ڕووەکەکانی جوانی.................................. | ٣٥ |
| کۆمەڵەی یەکەم: ڕووەکە گیاییەکان......................... | ٣٥ |
| یەکەم: ڕووەکە گیاییە گوڵدارەکان:......................... | ٣٥ |
| ١- ڕووەکە گوڵدارە وەرزییەکان:......................... | ٣٦ |
| ٢- گولە گیاییە دووساڵییەکان:.......................... | ٤٢ |
| ٣- گوڵە گیاییە تەمەندارەکان:.......................... | ٤٤ |
| دووەم: گیایە جوانەکان:................................ | ٤٩ |
| سێیەم: گیایە بۆندارەکان:................................ | ٥٠ |
| چوارەم: پیازە گوڵ جوانەکان:............................ | ٥٣ |
| کۆمەڵەی دووەم: ڕووەکە دارینییەکان:...................... | ٦١ |
| ١- ڕووەکە خۆ هەڵواسەکان (خۆهەڵواسەرەکان):................ | ٦١ |
| ٢- ڕووەکەکانی پەرژین:................................ | ٦٧ |
| ٣- دەوەنە ئاساییەکانی دیکە:............................ | ٧٤ |
| ٤- دار (درەخت)ەکان:................................. | ٨١ |
| ا- دارەکان: :....................................... | ٨١ |
| ب- دارە یەك لەپەکان (دارخورما و هاوشێوەکانی):............. | ٨٥ |
| ڕووەکەکانی بەر سێبەر:................................ | ٨٧ |
| ڕووەکەکانی بۆ جوانی گەڵاکانیان دەچێندرێن:.................. | ٩١ |

| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| ڕووەکەکانی بۆ جوانی بەرەکانیان دەچێندرێن:........... | ٩٣ |
| گوڵ و ڕووەکی ئینجانە:.......................... | ٩٤ |
| گوڵەکانی چنینەوە:.............................. | ٩٥ |
| ڕووەکە دڕکاوییە ئاوگییەکان:...................... | ٩٦ |
| چیمەن و چیمەن چاندن:........................... | ١٠١ |
| **بەشی سێیەم: کارکردن لە باخچەدا:......................** | ١٠٣ |
| کارە تایبەتییەکانی دیکەی نەمامگە و باخچەداری:........... | ١٠٤ |
| ١- چاندن و پەروەردەکردنی ڕووەکی پەرژین:.............. | ١٠٤ |
| ٢- چاندن و پەروەردەکرنی چیمەن:....................... | ١٠٥ |
| **بەشی چوارەم: ساڵنامەی کارەکانی نەمامگەو باخچەداری:...** | ١١١ |
| چەند خشتەیەکی زانیاری دەربارەی ڕووەکەکانی جوانی..... | ١٢٥ |
| **پاژی دووەم: کردار و ڕاهێنان:......................** | ١٤١ |
| هەفتەی یەکەم : باخچەو ڕووەکەکانی جوانی.............. | ١٤٣ |
| هەفتەی سێیەم : گیاکانی جوانی..................... ...... | ١٥٢ |
| هەفتەی پێنجەم : ڕووەکە دارینەکان...................... | ١٦٢ |
| هەفتەی حەوتەم : دەوەنە ئاساییەکان.................... | ١٦٩ |
| هەفتەی نۆیەم: دارخورماو هاوشێوەکانی ................... | ١٧٧ |
| هەفتەی یازدەم: ڕووەکە دڕکاوییە ئاوگییەکان................ | ١٨٣ |
| فەرهەنگۆك:.................................... | ١٩٥ |
| سەرچاوەکان......................................... | ١٩٧ |







## پێشەکی:

لە کۆنەوە مرۆڤ بایەخی بە نەخشەسازی و دامەزراندنی باخچە و چاندنی ڕووەکی جوانی و خزمەتکردنیان داوە، چەندین پاشا و شار و نەتەوە بە باخچەکانیان ناویان دەرکردووە، وەك: **باخچەی فیرعەونییەکان و باخچە هەڵواسراوەکانی بابل و باخچەی ژاپۆنی و ڤێرسای فەرەنسایی**... زۆر کەس لە کۆڕی پیاوماقوڵاندا بە گوڵ و ڕووەك و میوەی باخچەی خۆی هەڵدەڵێت... باخچەوانان بە کارکردن لە ناو گوڵ و دار و دەوەندا ئاسوودە دەبن و هەست بە خۆشییەکی تایبەتی دەکەن.

چاندنی گوڵ و ڕووەکی جوانی و داری میوە لە ماڵ و لە باخچە گشتییەکانی شار و شارۆچکە و شارە دێیەکاندا: سەرەڕای خاوێن کردنەوەی ژینگە لە دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و تەپ و تۆز لە سەردەمی جەنجاڵیدا، گەرمی و کاریگەری گڕەی هاوین و زریانی زستان و تەوژمی بارەشیش کەمدەکاتەوە، شادی بەخشن و دیمەنی جوان و شوێنی حەسانەوە دابین دەکەن، لە لایەنی ئابووریشەوە کارێکی پڕ سوودە.

لە شارەگەورەکاندا چەندین کەس بە چاندنی ڕووەك و بەرهەمهێنانی نەمام و گوڵ و گوڵفرۆشی دەژین. تۆو نەمام و گوڵفرۆشی پیشەیەکی سەردەمی کەسانی سەردەستەیە، لە وڵاتە پێشکەوتوەکانی وەك هۆڵەندا و ئەڵمانیا و وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمەریکادا ساڵانە بایی چەندین ملیار دۆلار تۆو نەمام و گوڵ دەنێرنە دەرەوە

لە کاتی نەخشەدانانی شار و فەرمانگە گشتیەکان و خانوەکاندا دەبێت بایەخ بە باخچە بدرێت و شوێنی تایبەتی بۆ تەرخان بکرێت. هونەری ڕێکخستن و ڕازاندنەوەی باخچە هونەرێکی شەنگ و شیرینە، پێویستی بە ناسینی ڕووەك و

شێوە و شێوازی گەشەکردنی و چۆنیەتی چـاندنی و ڕەنگـی گوڵـەکانی هەیـە، بـۆ ئەوەی لە شوێنی گونجاودا بچێندرێت، سەرەڕای هەست ناسکی و خەیاڵ فراوانی بۆ ئەوەی بە یەکەوە ببەسترێنەوە و دیمەنی باخچە و خانووەکان دڵگیربکەن.

ئامـــادەکردن و خـــستنە ڕووی زانـــستی پێویـــست، دەربـــارەی چـــۆنیەتی دامەزراندنی باخچە و ئامادەکردنی زەوی و دیارکردنی جۆری ڕووەکەکان بـە پێـی ویست و ئارەزوو و بەرزی قەد و جۆری ڕەنگەکانیان و بەیەکەوە گونجان و لەیەکدی هاتنیان و چۆنیەتی چاندنیان و خزمەتکردنیان بایەخی تایبەتی خۆی هەیە، کەوتنە جیهانی ڕووەکەکانی جوانی کەوتنە سـەر ڕێگـەی بابـەتێکی دڵگـرە. پیـشەیەکی بایەخی زانست زانین و وەبەرهێنان و کارکردنە. ئێمەش لەم بەشەد بـە مەبەسـتی ئاسانکاری پتر پشتمان بە وێنە بەسـتووە. گەرەکیـشمان بـوو بابەتەکـە پوخـت و فراوانتر بێت، بەڵام بە هۆی زۆر بلەزی و کەمی کاتی دیـاریکراو هـەر هێنـدەمان بۆکرا کە کراوە، داوای چاوپۆشی لە کرچ و کاڵ و تیژ ڕەویمان دەکـەین. دەسـت لـە دەست و خوداش پشتیوان

**دانەراران**

**هەولێر- ئایاری ٢٠١١**





# پاژی یەکەم: تیۆری

## بەشی یەکەم: باخچەکان



**باخچە:** رووبەرە زەوییەکی بچووك یاگەورەیە، بەزۆری پەرژین کراوە، رووەکی جوانی و دار و دەوەنی تێدا دەچێندرێت.

**سوودەکانی باخچە:**

بە شێوەیەکی گشتی باخچە گەلێك بەکەلکە، سوودی باخچە بە پێی جۆرەکەی دەگۆڕێت. **مەبەست لە دامەزراندنی باخچە ئەم خالانەی خوارەوەیە:**

- رازاندنەوە و دەرخستنی جوانی شوێنی گشی و خانوو، بەتایبەتی رووکاری پێشەوەی.
- دابینکردنی سێبەر و فێنك کردنەوەی ئاو و هەوا.
- پاککردنەوەی هەوا لە تەپ و تۆز و دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و...
- کەمکردنەوەی خێرایی و کاریگەری رەشەبا و گەردەلوول و زریان و باو بۆران.
- راگیرکردنی خاك و خۆڵ و کەمکردنەوەی داشۆران و زۆرکردنی ناخاو.
- دابینکردنی شوێنی هێمن بۆ یاری کردنی مندالان و کات بەسەربردنی گەوران.
- دابینکردنی شوێنی گونجاو بۆ حەسانەوەی جەستە و مێشك و دەروون.
- بەرهەمهێنانی میوە و سەوزە و گوڵی جوان و گیای بۆنخۆش.
- خۆخەریك کردن بە کارەکانی باخچە شادی بەخشە.
- هۆکارێکی هاندانی چاکە بۆ گەشتیاری و چوونە سەیران.

**کەرستەو پێویستییەکانی باخچە.**

کارکردن لە باخچەدا پێویستی بە هەندێك ئامێر و ئامراز هەیە کە لە بەشی نەمامگەدا ئاماژەی بۆکراوە وەك: بێڵ (خاکەناس) و پێمەڕە، دوودەم (قازمە)، ئینجانە(مەرکان)، مشار و مقەسی هەڵپاچین، شەنە و ڕنەك، چەمچە

و بژاربڕ، سنگی دار و داو، عارەبانەی دەستی، بۆڕی و سۆندە وترومپای ئـاودان، مەسـینەو تەنەکـەی ئاوپژانـدن، ئـامێری فریـز بڕینـەوە، پـەمپی پژانـدن بـۆ قەڵاچۆکردنی دەردەکان...





## پێڕەوەکانی ( سیستەمەکانی ) نەخشە سازی باخچە:

١ - **پێڕەوی ئەندازەیی**: هێڵەکانی ڕاست یا کەوانەیی ڕێکوپێك و ئەندازەیین، دابەشکردنی شوێنی چاندنی ڕووەکەکان و چاندنیان و پەروەردەکردنیان ئەندازەییە. بە بڕین و هەڵپاچین، شێوەی ئەندازەیی بۆ ڕووەکەکان دروست دەکرێت، وەك: شێوەی قوچەکی، چەتری، لاکێشەیی، خڕۆکەیی. لەیەکچوونی دووانەیی (دوو بەشی هاوشێوە) یا چوارینی لەم باخچانە دایە، لە لەیەکچوونی دووانەییدا شوێنەکە بە تەوەرێکی درێژ دەکرێتە دووبەش، هەریەکەشیان وەك ئەوەکەی دیکە دادەمەزرێت، ڕێڕەوەکان هاوتەریب و حەوزەکان چوارگۆشەیی یا لاکێشەیین، بەلاّم لە شێوە چوارینەکەدا ئەوا زەوییەکە بە دوو تەوەری ستوونی دەکرێتە چوار بەشی وەك یەك و لە ڕێکخستن و چاندنیشدا هەرچواریان لەیەك دەکەن، ئەم سیستەمە لە زەوی ڕاست و چوارگۆشەیی یا لاکێشەییدا پێڕەو دەکرێت. لە وێکچوونی بازنەییشدا شێوەی بازنەیی یا هێلکەیی لە دەوری کۆتەڵێکی جوانی، فەوارەیەك، یا گۆلە گوڵێك دووبارە دەکرێنەوە. لە باخچەی هاوشێوە (هاوجێگە، متناظر)دا گۆشەکانی ڕووبەرەکان وەستاون، یا شێوە ئەندازەیین، ڕێڕەوەکان ڕاستن و شێوەیان لەگەڵ دوکانی گوڵەکان دەگونجێت، ڕێگە و سابات (کەپر) و فەوارە ( نافورە) و کۆتەڵی جوان (پەیکەر)، ئەم جۆرە باخچانە دەڕازێننەوە، نموونە: باخچەی ڤێرسای لە فەرەنسا.



٢ - **پێڕەوی سروشتی (سیستەمی خۆڕسکی)**: وەك لاسایی کردنــەوەی سروشــت، (بە لەیەك چوون و وهاوشێوەیی) نەخشە بۆ باخچە دادەنــدرێت. هێڵــەکان خــوار و رێڕەوی پێچاوپێچن، وادەبێت هەندێك هێلی راستیشی تێدابێت، شــوێنی چــاندنی رووەکەکان بە رێکەوت و هەڕەمەکی دادەندرێت، نموونەی باخــچەی شــێوە بەیــەك نەچووی (سروشتی)، پتر لە تەلان و دۆڵە سروشتییەکاندا بەدی دەکرێت.

نەخشە کێشانی باخچەی سروشتی و داگرتنی لەسەر زەویــدا نــەختێك گرانــە، بۆیە هەندێك جار بەهۆی پەلەکردن و ناکارامەییــەوە، ئــەم جــۆرە سیــستەمە بــە نارێکی پێڕەو دەکرێت، کە شێوازی سادەیی و جوانکاری باخــچەکە دەفــەوتێنێت. بــەزۆری شــێوازی نەخــشەسازی سروشــتی لــە ســەیرانگە و باخچەگــشتییەکان و باخــچەی فــراوان و زەوی بــەرز و نزمــدا پێــڕەو دەکرێــت، بــۆ رووبــەری بــچووك نەگونجاوە. نموونە: باخچەکانی ژاپۆنی و ئینگلیزی...







**٣-پیڕەوی تێکەڵاو و نوێ:** لەم سیستەمەدا هەردوو شێوازی ئەندازەیی و سروشتی تێکەڵدەکرێن، واتە هەندێك وێنەی سروشتی تێدایە و هێلکارییە ئەندازەییەکانی لەبری تیژی و دژواری، سادەترن، نزیك خانووەکان ئەندازەیی ترن و شوێنە دوورەکانیش سروشتیتر.



## جۆرە باخچە بەناوبانگەکانی جیهان:

**١- باخچەی فیرعەونەکان: باخچەی ئەندازەیین و حەوزاوی لاکێشەیی** کە هەندێك رووەك و ماسی تێدابووە و **گوڵ و دەوەنی جوانیش دەوری داوە**، لە دوولای باخچەکەوە داری بەرزی سیبەر بە هاوشێوەیی چێندراوە، شوورەی بەرزە **و بتەکانیان لە نێو باخچەکانیاندا داناوە...**

**٢- باخچەی ئێرانیی: باخچەی چوارگۆشەیین، دوو ڕێگەی یەکتربڕ باخچەکە دەکاتە چوار بەشی لەیەکچوو،** لە ناوەراستدا کانیاوی تێدایە. لە دوولاوە داری بەرز دەروێنن، گوڵی هەمەرەنگ کە لە کاتی جیاجیادا گوڵبکەن دەچێندرێت، **کۆتەڵ لە تەك رێگاکانەوە هەن، (وەك باخچە هەڵواسراوەکانی بابل).** دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام، زەخرەفە و پەیکەری مرۆڤ و ئاژەڵان شوێنی کۆتەڵەکانی گرتەوە.

**٣- باخچەی رۆمانیی ( یۆنانیی): سوودیان لە باخـچەی ئێرانییـەکان وەرگرتـووە، خانووی جوان و کۆتـەڵی دڵگـیر و فـەوارەی تـاڵۆزە و شـوێنی دانیـشتنی زۆر رازاوەیە**، لە باخچە گشتییەکانیاندا پتر پێڕەوی سیـستەمی ئەنـدازەیی دەکـەن، باخچەی رۆمانی لە زۆربەی وڵاتانی ئەوروپادا بڵاوبۆتەوە (وەك: رۆمانیا، ئیتالیا، ئەڵەمانیا، فەرەنسا، ئینگلیزستان، ئیمپراتۆریەتی یۆنانی کۆن بە گشتی).

**٤- باخچەی ئەندەلووسی:** سوودی لە باخـچەی ئێرانیـی و رۆمـانیی وەرگرتـووە، سروشتی عەرەبی و ئیسلامیی دێرینیشی تێـدا دەردەکـەوێت، **باخـچەکە دەوری کۆشکی داوە و یەك رێگـەی هاتنــە ژوورەوەی هەیـە. بـە زۆری پـەرژینی داری بەرزە، رووەکی خۆهەڵواسی گوڵدار، فەوارەی دڵگیری تێدایـە، سـەرەڕای گۆڵـە گوڵی بۆندار و جوان.** رێڕەوەکان بە بەردی **جنجر** و رەنگاوڕەنگ نەخشاون.

**٥- باخچەی ئینگلیزان: تەختایی فراوانی تێدایە، دارەکانی لێرە و لەوێ بە نارێکی چـێندراون**، هەنـدێك رووەکــی خۆهــەڵواس و دەوەنــی جـوان دەروێــنن، جـۆری گوڵەکانی سنووردارن (کەم)ن و سەرلەبەریش ناهاوشێوەن، رێڕەوەکـانی تەسـك و راستن، **هێلکارییەکانی ساکارن و لە دابەشکردنی رووەکەکاندا لاسـایی سروشـت دەکاتەوە. شێوەی گۆماوەکانی لە دەریاچە سروشتییەکان دەکەن، بایەخ بە دیوار و سەکۆی دانیشتن دەدات.**

**٦- باخچەی ژاپۆنیان:** ژاپۆنییەکان لە بواری باخچەداناندا نەتەوەیەکی دێرین و دیارن، ژاپۆنی زۆر بایەخ بە باخچەی ماڵەکانیان دەدەن و شانازی پێوەدەکەن، باخچەی ئەوتۆیان ماوە کە تەمەنی هەزار ساڵ پترە، **دیارترین تایبەتمەندی باخچەکەیان: لاسایی کردنەوەی سروشتە بە هەموو شێوەکانییەوە:** گردۆلکە و دۆڵ و شێو و گۆماو و بەرد و پرد و دوکانی ئاسایی ژاپۆنی و سابات و تاڤگەکانی رێکخستنێکی لەیەك **نەچووە، سەرەڕای هەڵبژاردنی دار و دەونی بچوك و کورتەبالاْ** و چاندنی زۆر جۆرە گوڵ و شتی دیکە، باخچە گشتییەکانیان لە کەناری دەریا و دەریاچە و دەشتاییەکاندا دادەمەزرێنن. **بە شێوەیەکی گشتی رووبەری ئاو پتر جێگەی چیمەن دەگرێتەوە..**



**٧- باخچەی فەرەنساییان:** بە تایبەتمەندی لە نەخش و نیگاری (زەخرەفەی) تەلارەکانیان **و بەیەکچوونی تەواوی بەشەکانی و هەماهەنگی رێك و شێوەی گۆماو و چاندنی دار بە ئەندازەیی دەناسرێتەوە، باخچەی کۆشکی ڤێرسای،** باشترین نموونەی ئەم جۆرەیانە.

**باخچەکانی کوردستان:** لە زۆربەی شارە گەورەکاندا رووبەری زەوی خانوو بچووکە، بۆیە بەشێکی کەم بۆ باخچە تەرخان دەکرێت، لە ناوەراستی پانتایی باخچەکەدا رووبەرێکی لاکێشەیی یا چوارگۆشەیی دەکرێتە چیمەن، بە چوار دەوری چیمەنەکەشدا بە بەرینی (٧٥ — ١٥٠) سم بۆ چاندنی رووەکەکانی دیکە

بە خشتی سوورەوەکراو یا کۆنکریت... جیادەکرێتەوە. لە رووی لای خانووەکـە و لەلای رێگای هاتنە ژوورەوە، رووەکی وەرزی و تەمەنداری بچووك و گوڵـەباخی کورتەبالاو... دەچێندرێت، لە رووکاری دیواری پێشەوەی بەرپێ (دیواری حەوشە) و تەنیشتەکەی دیکەیەوە، داری مزرەمەنی و هەرمێی لیکۆند(شاتان) و دەوەنی قاوە و گێوژی جوانی و هـەنار و دۆزەخیـی (جەهەنـەمی) و... ، لـە رووی لای چیمەنەکەشەوە گوڵەباخ و روەکی بچوك و وەرزی دەچێندرێت. لـە سـەر رێگـەی هاتنە ژوورەوەشدا یەك دوو دارەمێو دەکەونە سەر ساباتێك. نابێت داری گەورەی وەك گوێز و توو و... لەم باخچە بچووکانەدا بڕوێندرێت، چـونکە وێـڕای تـەنگ کردنی باخچەکە، سێبەرەکەیان رووەکـەکانی دیکـە دادەپۆشـێت و ناهێڵێـت بـە شێوەیەکی سروشتی گەشەبکەن.

### جۆرەکانی باخچە بە پێی تایبەتمەندیەتیان:

١- باخچەی مالان (باخچەی حەوشە). ٢- باخچەی سەربان.

٣ - باخچەی پەنجەرە. ٤- باخچەی قوتابخانە.

٥- باخچەی دەزگا گشتییەکان. ٦- پارك و باخچە گشتییەکان[١].

٧- باخچەی بەردینی. ٨- باخچە ئاوییەکان.[٢]

٩- باخچەی تایبەت بە جۆرەکانی رووەك. ١٠- باخچەی لادێیی.

١١- باخچەی تایبەت بە گوڵەباخ... ١٢- باخچەی یاریگاکان

١٣- باخچە شووشەییەکان

---

١ - وەك باخچەکانی قوتابخانە، کۆلێجەکان، یاریگەکان، مزگەوت و پەرستگاکان، نەخۆشخانەکان، شارەوانییەکان، فەرمانگە جۆراجۆرەکان، باخچەکانی گەشتوگوزاری...

٢- رووبەرێکی باشی ئاوە، رووەکی ئاوی و نیمچە ئاوی لە گۆماوەکان و دەوروبەریاندا دەڕوێندرێت، باخچە ئاوییەکانیش باخچەی شێوە سرووشتی نیمچە سرووشتی و ئەندازەییان هەیە.









نموونەی باخچەکانی قوتابخانە



وێنەی باخچەی منداڵان







وێنەی باخچەی بەردین و ڕێڕەوەکەی-






وێنەی باخچەی ئاوی و بەردینی سروشتی – بێخاڵ- سۆران. هاوینەهەوارێکی فێنك و هاندەرێکی چاکی گەشتوگوزارە



وێنەی باخچەی سەربان، رۆما - ئیتالیا







وێنەی باخچەی پەنجەرە، ڤینیسیا - ئیتاليا



وێنەی باخچەی پەنجەرە، هاوینەهەواری پێرتۆنۆرۆ- ئیتاليا




وێنەی باخچەی نهۆمی خوارەوە



وێنەی باخچەی ئاوی، ئەمستردام- هۆڵەندا







وێنەی باخچە و ڕووەکی سەراوی باخچە ئاوییەکان

## پێکهاتەکانی باخچە بە شێوەیەکی گشتی:

**یەکەم: کۆمەڵەی دامەزراوەکان:**

١- **ڕێگاو ڕێڕەو و پەیژەکان:** بە ڕێڕەوەکاندا دەچینە ناو باخچە و بەشەکانیشی بەیەکەوە دەبەستێتەوە. هیچ باخچەیەك بێ ڕێڕەو نابێت. دەبێت ڕێگە ڕاست و ڕاستەوخۆ بێت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی و کورتترین ڕێگە بگەینە هەموو بەشەکانی باخچەکەوە. وادەبێت ڕێگەکە خواروخێچ بێت، وەك ئەوەی لە نەخشەسازی سیستەمی سروشتیدا باوە، لە باخچە بچووکەکانیشدا بەردی پان، خشتی سوورەوەکراو دادەنێنن بۆ ئەوەی بەسەریاندا بڕۆن و لە نێوانیشیاندا چیمەن دەڕوێندرێت.



٢- **ئاڤگەو فەوارە (نافوورە)کان:** بۆ شێدارکردنی هەوا و ڕێککردن و ڕازاندنەوەی دیمەنی باخچە، فەوارە دادەمەزرێن. شێوە و قەوارە و ژمارەی کونەکانی و تەوژمی ئاو و ئاراستەی ئاو پژاندنی جۆراو جۆری هەیە، فەوارەی ستوونی، تەوەری، قوچەکی... سادە، ئاڵۆز هەن.



**دیمەنی فەوارەو گۆڕەپانی چیمەنی پارکی شار- هەولێر**




٣-   **سەكۆ و كورسى و سابات:** سـەكۆ و كورسـى و كـەپر بنـەماى بايەخـدارن لـە نەخـشەسازى باخـچەدا، وادەبێـت ببێتـە تـەوەرى نەخـشەى بەشـەكانى ديكـەى باخـچەكە، بـۆ ئـەوەى لـەوێوە رێڕەوەكـان بگەنـەوە يەكـدى و بنكـەى روونـاك كردنەوەبێت، كەپر لەو شوێنانە دادەمەزرێن كە بەسەر زۆربەى رووبـەرى باخـچە و ديمەنە جوانەكانيدا بڕوانێت. سـابات خـڕ، يـا چوارگۆشـەيى يـا شـەش لايـى... ئەندازەييە، لە سيستەمى باخـچەى سروشـتيدا نائەندازەييـە، بـۆ حەسـانەوە يـا لەكاتى گەرمادا لەسەر سەكۆ و ژێر سێبەرى كەپردا دادەنيشن.




ديمەنى رێگەو  سابات و سەكۆى باغى شار- هەولێر

٤- **ڕووناکی**: بە ڕووناککردنەوەی باخچە ماوەی خۆشی و گەشانەوە لەباخـچەدا درێژە دەکێشێت، ڕوونـاکی دەسـتکرد لـە باخـچەدا چەسـپاوە وەك لـە دەروازە و شوێنی دانیشتنندا دادەندرێت.

ڕووناکی بزێو (نەچەسپاو) لە بۆنەکاندا، بە ڕستەی جوانەوە بەسـەر دار و دەوەن و گـوڵ و دوکـانی گـوڵ و شـوێنە دڵگیرەکـان رادەکێـشرێت. واباشـە سەرچاوەی ڕوونـاکی بەرچـاو نـەبێت، بەڵکو لە نێوان لك و چڵەدارەکان، یان لە ڕووکاری پشتەوەیدا بـشاردرێتەوە، نابێت هێزی گلۆپەکە لـە (١٥٠) وات



پتربێت، ئەگەر پێویست بوو، ئـەوا چـەندین گلـۆپ لـە جیـاتی گلـۆپێکی بـەهێز دادەندرێت، گلۆپ بۆ حەوزاو و فەوارە و مەلەوانگە و دەریاچەش تەرخان دەکرێت.
پێویستە نەخشەسازی و بەستانی تۆڕی کارەبا بە شێوەیەك بێت کە تەڕ نەبێت.

٥- **پەیکەرەکان**.







٦- ئینجانەی بەردین و کۆنکریتی و دارین.





٧- جۆلانە و کورسی.






٨- مەلەوانگەو گۆماوەکان

۹-   پەیژەو دەرگای سەرەکی و دەرگا لاوەکییەکان







### دووەم: کۆمەڵەی رووەکیی:

گەلێك جۆرە رووەك لە باخچەدا دەچێندرێت لە بەشی داهاتوودا دەکەوێتە بەرچاو:

**لە کاتی دانانی نەخشەی باخچەدا رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەکرێت:**

١- **سروشتی زەوییەکە:** راستی و لاری، بەپیتی و بێهێزی، جـۆری خاکەکـەی، ئاوی ژێرزەوی (زەنەکی)، گونجـان و نـەگونجانی بـۆ باخـچە و چـاندنی رووەك ... ئەگەر زۆر لاربوو ئەوا راست دەکرێت، یا دەکرێتـە پایـە پایـە، ئەگـەر خۆڵەکـەی بۆچاندن بەکەڵك نەهات، ئەوا تا قووڵایی (٧٥- ١٠٠) سم دەگۆڕدرێت...

٢- **کەش و ئاووهەوای ناوچەکە:** ساردی و بەستەڵەك و زریان، گەرمی و رەشەبا و گەردەلوول، رێژەی شێ بە گشتی لە دەڤەرەکەدا رۆڵـی کاریگـەر لـە هەڵبـژاردنی جۆری باخچەو رووەکەکانیدا دەبینن...

٣- **جۆر و قەوارەی خانووەکان و رووبەری تەرخانکراو بۆ باخچە...**

٤- **ویست و ئارەزووی خاوەنەکەی...**

٥- **باری کۆمەڵایەتی و گوژمەی تەرخانکراو بۆ باخچەکە...**

٦- **مەبەست لە دامەزراندنی باخچەکە:**

٧- جوانی و حەسانەوە و کات بەسەربردن، بەرهەمهێنانی میوە و سەوزە...

٨- **داب و نەریتی خەڵکی ناوچەکە:**

لە دێیـەکانی دەشـتی هـەولێردا سـەرەرای گوڵـەکانی جەعفـەری و زینیـا و رەشەرەیحان و گوڵەباخ و هەنار و هەنجیر و ترێی رەش و توو و داربیی، قـامیش و گەنەگەرچەکیش دەچـێنن. لـە شـەقڵاوە هـەنار و هـەرمێ و هـەنجیر و هـەڵوژەو تووشامی و ترێی تایەفی، گوێز و سپیەچنار و شەنگەبیی و کۆلیۆس و جیرانیـۆم و بیبـەری جـوانی تەماتـەی جـوانی و باینجـانی جـوانی و بـەهاراتی جـوانی

( بەهاراتەکان)... دەچێنن. بەلاّم لە هەولێردا پتر مزرەمەنی و زەیتوون و یەنگیدونیا و گوڵە قاوە و گێوژی جوانی و جەهەنەمی و مێخەك و مێخەکی چینی و تیولپ .. پتر دەبیندرێن. لە باخچە گشتییەکانی سلێمانیدا پتر دەوەنی ئەرخەوان دەکەوێتە بەرچاو

**هەنگاوەکانی نەخشەسازی باخچە:**

دوای لێکۆڵینەوە لە خاڵەکانی سەرەوە و چارەکردنی کەموکورتییەکان، نەخشەیەکی خڕ یا لاکێشە یا چوارگۆشە بۆ زەوییەکە بە پێوەرێکی گونجاو وەك (۱: ۵۰- ۱: ۱۰۰) دروستدەکرێت، رووکاری باکوور و باشوور و و سنوور و شوێنی تەلار و خانوو و دامەزراوەکان و هێلە سەرەکیەکان و وورده کارییەکانی بە روونی تێدا دیار دەکرێت. چەندە نەخشەکە سادە و روون بێت و لەگەڵ سروشت و رووبەری زەوییەکە بگونجێت، ئەوەندە باشترە...

**هەنگاوەکانی داگرتنی نەخشە و دامەزراندنی باخچە:**

۱- پاککردنەوەی زەویەکە لە بەرد و چیمەنتۆ و گەچ و خشتی سوورەوەکراو... کێلاّنی زەوییەکەی بە قووڵی (۳۰- ۵۰ سم ).

۲- ئەگەر لە خاکەکەدا نەوت گازوایل و شتی دیکە رژابوو ئەوا دەبێت خۆڵەکەی بگۆڕدرێت، ئەگەر خۆڵەکەی باش نەبوو یا زەوییەکەی نزم بوو ئەوا بە تێکەڵەی لمی لە بێژنگ دراو ( گرۆی سۆتکە و بەرد و قرتك و نایلۆن و شتی بێ کەلکی لێ دەربکرێت). و پەینی ئاژەڵی شیبوەوە، بە رێژەی (۳ لم : ۱پەین)، بە قووڵایی (۷۵- ۱۰۰)سم یا بە پێی پێویست پڕدەکرێتەوە

۳- بەکار هێنانی سنگ و داو و فووتەی پێوان بۆ داگرتنی نەخشەکە لەسەر زەوی.

٤- دیارکردنی شوێنی دیوار و پەرژین و دروستکردنی دیوار...

٥- دیاری کردنی ڕێگا و ڕێڕەو و دوکان و هێلە گشتتیەکانی چاندن.

٦- دابینکردنی خۆڵ بۆ پڕکردنەوە و راست کردنەوەی شوێنە نزمەکانی دادەکەون.

٧- راکێشانی لوولەکانی ئاودان بە پێی نەخشە، (٣٠ سم) لە ژێر زەوی بن، خاڵەکانی ئاودان بە تەنشت ڕێڕەوەکانەوە بن، بەڵام نابێت لە ناوەراستی تەختایی یان ڕێگا و ڕێڕەوەکاندا بن.

٨- دیارکردنی شوێنی رووەکەکان: لەکاتی دیاریکردنی شوێنی چاندنی رووەکەکاندا رەچاوی بەرزی رووەك و رەنگی گوڵەکەی و کاتی گوڵدانی و گونجانی لەگەڵ شوێنەکەدا دەکرێت، کە لەناو گۆڕەپانی چیمەنەکە دابنیشین سەیری ئەملاو ئەولای بکەین، دەبێت بەرزی رووەکەکان وەك پەیژە لە پێشەوە بەرەو دواوە، پلە بە پلە بەرەو سەر بچێت، نابێت رووەکی بەژن نزم بکەوێتە پەنای روکی بەرزەوە، بۆ نموونە: لە پێشەوە رووەکی گوڵەزیو و دادەندرێت، دواتر گەزانیاو جەربرا و گوڵە جەعفەری کورتەباڵا، ئینجا لەوان بەرزتر وەك زینیا و دەندووکەمەل، دواتریش گوڵە باخ و دەوەنی بچکۆڵە ئینجا دەونی گەورەتر و داری بچووك و داری گەورەتر. رەنگەکانیش دەبێت لەگەڵ یەکدی بگونجێن، زەق و دژیەك نەبن، بەڵکو دەبێت پێ بە پێ لە یەکدی دووربکەونەوە. نابێت دار و دەوەنی بەرز لە بەردەرگا و پەنجەرەوە بچێندرێت، بۆ ئەوەی بەری رووناکی و هەواگۆڕکێ نەگرن و دیمەنی باخچەکەش لە ژوورەوە گوم نەکات. رووەکە وەرزییەکان یەکجار زۆرنەبن، دار و دەوەن بە کۆمەڵ بچێندرێن و وەك تاکە نموونە نەچێندرێن، دار و دەوەنەکان ئەوەندە زۆر و پڕ نەبن کە گەوربوون جێگەیان نەبێتەوە و ناچاربین بیانبڕین. ئەوجۆر و پۆلە رووەکانەی لەگەڵ ژینگەکەدا دەگونجێن بچێندرێن. دەوەنی کورتەباڵا کۆمەڵ کۆمەڵ لە گۆشەکاندا دەچێندرێت.

بۆ ئەوەی خانوو و باخچەکە بە یەکەوە ببەستنەوە، دەوەنی وەستاو لە پانتاییەکانی نێوان رووبەری چیمەن و دەرگاو پەنجەرەکانی خانوو دادەندرێت. بۆ بەستنەوەی هەردوو کۆمەڵە دەوەنی گۆشەکان و وەستاوەکان بەیەکەوە، لە نێوانیاندا رووەکی دیکە وەك پەردە دەچێندرێن و بە بەرزییەکی گونجاو دەبڕێنەوە. خانوو بە رووەکی خۆ هەڵواس دابپۆشرێت، بۆ ئەوەی خانوو و باخچەکە بەیەکەوە ببەسترێنەوە. سەوزە لەسەر رێگە و شوێنی زۆر بەرچاو نەچێندرێت، بەڵکو لە باخچەی پشتەوەو شوێنێکی پەنادا دەروێندرێت.

٩-دوای دیارکردنی شوێنی چاندنی گوڵ و دار و دەوەن و رووەکەکان شوێنەکەیان بە پەینی ئۆرگانی رزیو پەین دەکرێت.

١٠- بۆ ئەوەی زەوییەکە دابکەوێت شوێنە نزمەکان پڕبکرێنەوە، ئاستی ئاودانیش دیاری بکرێت، لەلایەکی دیکەشەوە تۆوی بژار بڕوێت و لەناوببرێت ئەوا زەوییەکە رەباس دەکرێت.

١١-رووەکەکان بە پێی وەرزی چاندنیان لە شوێنی خۆیاندا دەچێندرێن.







وێنەی گونجانی ڕەنگ و بەرزی ڕووەکەکان، فۆرلی- ئیتالیا



# بەشی دووەم: ڕووەکەکانی باخچە





## رووەکەکانی جوانی Ornamental Plants

**رووەکەکانی جوانی:** رووەکانێکن پتر بۆ مەبەستی جوانی و رازاندنەوە لە ماڵ و پارك و باخچەو شوێنە گشتییەکان و دارستانەکاندا دەچێندرێن، هەیانە خۆ ولاتیین، هەشیانە هاوردەکراو.

### جۆرەکانی رووەکی جوانی

### کۆمەڵەی یەکەم: رووەکە گیاییەکان

### یەکەم: رووەکە گیاییە گوڵدارەکان Herbaceous flower plants

کۆمەڵێك رووەکی گیایین، شانەی دارکینیان نییە. ساڵانە بۆماوەیەکی دیاریکراو دەروێن و گوڵی هەمەرەنگ و هەمەجۆر و شێوە جیاواز دەکەن و تۆو دەدەن.



## جۆرەکانی ڕووەکە گیاییە گوڵدارەکان :

**١- ڕووەکە گوڵدارە وەرزییەکان Anuual Plant**: تەمەنیان وەرزێکە ( لە ساڵێك تێناپەڕێت) تۆوەکەیان سەوز دەبێت و ڕووەکەکە گەشە دەکات و گوڵدەگرێت و تۆو دەدات وکۆتایی دێت.



## گوڵە وەرزییەکان دوو بەشن:

أ- **گوڵە وەرزییە زستانییەکان:** ڕووەکی هەمەجۆرن، لە پاییزان بە تۆو دەچێندرێن و لە کۆتایی زستان و بەهار و سەرەتای هاویندا گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەدەن و تۆو دەکەن و دەمرن. بەرگەی ساردی دەگرن. نموونە: هەمیشە بەهار و دەمەشێر وگوڵە شەوبۆ و گوڵەکاغەزو گوڵە قۆپچەو و پۆلکە بۆنخۆشە (بەزالیای عەتری) و فلۆکس و لاتینی و گوڵەپەپولە(وێنە)و نیکڵ (دندووکە مەل).

### ١- هەمیشەبەهار: *Calendula officinallis*

لەنیوەی مانگی ئەیلوول تا نیوەی تشرینی یەکەم بەتۆو زۆردەکرێت. قەدەکەی نزیکەی (٤٠-٦٠ سم) بەرزدەبێتەوە. قەدو لکەکانی زبرن. گەڵای ئەستوورەو شێوەکەی کەوچکییە و بەرامبەر یەکدین. گوڵی گەورەن، هەندێکیان سادەن، هەندێکشیان شەستپەڕ، ڕەنگیان زەردو پرتەقاڵییە، گوڵە شەستپەڕەکان بۆ کردنە چەپك دەست دەدەن.



### ٢- دەمە شێر *Antirrhinum majus*

لە نیوەی مانگی ئەیلول تا نیوەی مانگی تشرینی دووەم، تۆوەکەی لە نەمامگەدا دەچێندرێت، کە بووە نەمام دەگوازرێتەوە شوێنی هەمیشەیی، بە پەلی بچووکیش



زۆردەکرێت. (٣٠-٨٠ سم) بەرزدەبێتەوە، کە زۆر بەرزبێتەوە ئەوا قەدەکەی بەراگرێك دەبەسترێتەوە. گەڵای لاکێشەییەکی درێژە، لێواری گەڵای رێك و لووسە. گوڵەکانی لەلقەکانییەوە دەردەچن، شێوەی گوڵەکەی کۆگوڵە، چەندین رەنگی هەیە، گوڵەکەی لەشێوەی دەمی شێرە، هەر بۆیە بە دەمەشێر ناو نراوە. تۆوەکەی رەش و بچووکە .گولەکانی هەمە رەنگن و دەکرێنە چەپك.

### ٣- گوڵە پەپوولە (وێنە، پانسە) Viola tricolor

لە ئەیلوول و تشرینی یەکەمدا تۆوەکەی لە ئینجانە، یا سندوقی داریندا دەچێندرێت، کە بووە نەمام دەگوازرێتەوە باخچە. (١٠-١٥ سم) هەڵدەستێت، لە





ئاداردا گوڵ دەدات، کە بەشێوەی کۆمەڵ بچێندرێت دیمەنەکەی جوانتر دەردەکەوێت، وێڕای سپی پەڵەدار و وەنەوشەیی و زەرد و چەندین رەنگی دیکەی هەیە.

### ٤- شەوبۆ . Mathiola Spp

لەنیوەی مانگی ئەیلول تا نیوەی مانگی تشرینی دووەمدا بەتۆو لە تایەو تەلاندا دەچێندرێت، کە بووە نەمام و دەگوازرێتەوە. (٤٠-١٠٠ سم) بەرز دەبێنەوە، قەدەکەی رەقە و چڵ و پۆپی زۆرە. گەڵاکانی دریژ و بەرامبەر یەکدین و لێواری گەڵای لووسە. گوڵەکانی پتر لەدوای عەسرەوە دەکرێنەوە، بۆندارە، چەندین رەنگی وەکو: سوور و سپی و پەمبەیی و زەردو وەنەوشەیی هەیە، گوڵەکانی سادەن یا شەستپەڕن





**ب- گوڵە وەرزییە هاوینییەکان:** ڕووەکی هەمەجۆرن، تۆویان لە بەهاردا دەچێندرێت و لە هاوین و پاییزدا گوڵی ڕەنگاوڕەنگ دەگرن و تۆ دەکەن و دەمرن. بەرگەی ساردی ناگرن. نموونە: زینیا و سۆراو ، شەستپەڕ، نازناز.

## ١- زینیا (ئەستەمبۆڵی) (Asteraceae) *Zinnia elegans*

لە شوبات وئاداردا بە تۆو دەچێندرێت. بەرزییەکەی دەگاتە (٦٠-١٠٠سم). شێوەی گەڵاکەی هێلکەییەکی زبرە. ڕەنگی گوڵەکانی جۆراوجۆرە و شێوەکەی پەپکەییە، سادە و شەستپەڕیان هەیە، دەکرێتە چەپك.



## ٢- سۆراو ( پۆپیتەکەڵەباب، سەوڵ ) (Amarantaceae) *Celosia argentea*

لە شوبات و ئاداردا تۆوەکەی دەچێندرێت. (٣٥-٥٠ سم) بەرزدەبێتەوە. گەڵای نابەرامبەرە و شێوەکەی هێلکەییە. گوڵەکانی لەشێوەی



پۆپیتەی کەڵەشێرە، رەنگیان سوورو پەمبەیی و وەنەوشەیی و زەردە. تۆوەکەی ورد و رەشێکی بریسکەدارە. کەڵکی کردنە چەپکی نییە.

## ٣- شەستپەڕ (قەدیفە) (Compositae) ***Tagetes marigold***

لە شوبات و ئاداردا بەتۆو دەچێندرێت. بەرزی رووەکەکە دەگاتە (٣٠-٨٠سم)، چڵ و لکی زۆر لە بنکەی قەدەکەی دەردەکات. گەڵاکانی ئاوێتەیین و لەچەند



پەلکۆکەیەك پێکهاتوون، لێوار مشارین. گوڵی زۆر لەرووکاری سەرەوە دەگرێت، گوڵی سادە و نیمچە شەستپەڕ و شەستپەڕە، چەندین رەنگیان هەیە، بۆندارن، گوڵەکانی بۆ کردنە چەپك دەستدەدەن.

### ٤– نازناز: portulaca grandiflora (portulacea)

لەسەرەتای مانگی ئاداردا بەتۆ و بە پەل دەچێندرێت. قەدە ئاوگییەکەی خشۆکە. گەلاکانی گۆشتن و لوولەیین، بەرامبەر یەکدی و کورتن، ( ١-٢ سم) درێژن.

گوڵەکەی: بچووکە، سادەن و نیوە شەستپەڕ و شەستپەڕن. ڕەنگی سپی و زەرد و سوور و پەمبەیی و پرتەقاڵیی و ڕەنگ تێکەڵاو و خاڵداریشی هەیە، بەرۆژ لەگەڵ بەرکەوتنی تیشکی خۆر دەکرێنەوە دوای نیوەرۆ کاتێ بەرەو فێنکی دەچێت دادەخرێنەوە، تەمەنی گوڵەکەی یەك رۆژە. تۆوی زۆر ورد و ڕەش و بریسکدارە.





### ٢ _ گوڵە گیاییە دووساڵییەکان : Binnials Flowers

رووەکی گیایین، تەمەنیان دوو وەرزییە. لەساڵی یەکەمدا بەشە سەوزەکەیان گەشەدەکات و لە ساڵی دووەمدا گوڵ دەکەن و تۆدەدەن، نموومە: مێخەکی چینی (جوانی یوسف)، گوڵە زەنگ، مێخەکی ئاسایی.

**مێخەکی چینی (شەنگی یوسف)** (Caryophllaceae) *Dinthus chinesis*

لەمانگی ئەیلوولدا تۆوەکەی لەدوکان و تەلان و ئینجانەدا دەچێندرێت. کە (١٠سم) بەرزبۆوە دەگوازرێتەوە ناو باخ یان ئینجانە. بۆماوەی دووساڵ لەخاکدا دەمێنتەوە ( ٣-٤٠ سم) بەرزدەبێتەوە. گوڵی رەنگاو رەنگی سادەو شەستپەڕی هەیە، بۆ کردنە چەپك گونجاوە.





## ٣- گوڵە گیاییە تەمەندارەکان[٣] Perennial Flowers

گولآنی تەمەندار پتر لەدووساڵ دەژین، سالآنەش و گوڵدەدەن و تۆو دەکەن زۆربەیان بە تۆو بە سەوزە زۆربوون زیاد دەکرێن، نموونە: داودی، جەربرا، جیرانیۆم، گەزانیا، وەنەوشە...






---

[٣] – تێبینی:

١- دابەشکردنی رووەکەکان بە گوێرەی تەمەن بۆ یەك وەرزی و دوو وەرزی و تەمەندار گەلێك رێك و سنووردارو نەگۆڕنییە، بەگوێرەی ساڵ و ژینگە کەمێك دەگۆڕێت، وادەبیت یەك وەرزی ببێتە دوو وەرزی یا بە پێچەوانەوە یا دوو وەرزی پتر لە دوو ساڵدا بژیەت.

٢- کاتەکانی چاندن و گواڵکردن و... بە پێی ساڵ و ناوچەو کەشو هەواو ژینگەو پۆل و جۆری رووەك... دەگۆڕێت، بۆیە زۆر ئاساییە کە لە دوو سەرچاوەدا یا لە سەرچاوەیەکیشدا دوو کاتی جیا بکەوێتە بەرچاو. رووەك هەن لە زۆربەی کاتەکانی ساڵدا دەچێندرێن، بەڵام کە ئاماژە بە مانگێك یا دووان دەکرێت، مەبەست: گونجاو و باوترین پێڕەوکراوترین کاتە.

### ١- داودی *Chrysanthemum spp.*

بە تۆ و بە قەدەپەل و بە براڵە و بەجیاکردنەوە، لەپاییز و لەبەهاردا زۆردەکرێت. لەچیاکانی کوردستاندا خۆرسك شین دەبێت. بەرزییەکەی دەگاتە (٨٠-١٠٠سم). رەنگی گەڵا ئاوێتەییەکەی سەوزێکی زیویی و لێوارەکەی گرنج گرنجە. لە پاییزدا گوڵ دەکات،گوڵی هەمەڕەنگ و شێوە و قەبارەی جۆراو جۆری هەیە، هەر رووەکێك لە پاییزدا ژمارەیەکی زۆر گوڵ دەدات (لەوکاتەشدا گوڵ کەمە بۆیە لە رووی ئابوورییەوە بایەخدارە) بەئاسانی دەکرێنە چەپك، ئەگەر بخرێتە ناو گوڵدانەوە، ئەوا بۆ ماوەی دوو هەفتە گوڵەکانی بە گەشی دەمێننەوە.





### ٢- جیرانیۆم (جارونیا، ساردۆنیا) **(Graniaceae)** *pelargonium zaonale*

لە ئاداردا بەتۆو دەچێندرێت، پاییزان بەپەل لەمانگەکانی ئەیلوول و تشرینی





یەکەمدا، بەهارانیش لە ئادارو نیساندا زۆردەکرێت. بالاکەی (٢٠-٤٠ سم) بەرزدەبێت، قەدەکەی ئەستوور و لوولەییە، یەکەمجار گیاییە و دواتر دەبێتە داریین.

گەلاکەی خڕە و شێوەی گەلای تۆڵکەی هەیە، بەڵام لەگەلای تۆڵکە ئەستوورترەو کەمێکیش تووکنە. گوڵی سادە یا شەستپەڕە، لە یەك نێرکدا چەندین گوڵ دەدات، رەنگی جۆراو جۆری وەك: پەمبەو سوور و سپی ...هەیە و بۆ کردنە چەپك زۆر نایابە.

## ٣- جەربرا (Compositae) *Gerbera jamensonii*

لە ئادار و لە ئەیلوولدا بەتۆ و بەجوداکردنەوەو بە شانە چاندن زۆر دەکرێت. قەدی دیاریکراوی نییە. گەلای یەکسەر لەسەر رەگەوە دەردەچن، هەر (٥-٧) گەلا لەسەر یەك ڕەگ دەردەکەون، درێژی گەلایەکی (٢٥-٣٥ سم)ە و پانییەکەشی (٥سم) دەبێت. گوڵەکانی لەسەر نێرکی (٢٥-٣٠ سم) درێژە کە لەنێوان گەلاکانەوە دەردەچێت، گوڵەکانی هەمەرەنگن، گوڵی تیشکین (لەشێوەی تیشکی خۆردان)، ئەگەر لەناو خانووی پلاستیکییدا خزمەتی گونجاوی هەبێت، ئەوا بەدرێژایی ساڵ گوڵ دەردەکات، گوڵەکانی بۆ کردنە چەپك باش و خۆڕاگرن .





## ٤- مێخەك (Caryophllaceae) *Dianthus caryophyllus*

گوڵێکە تەمەندار یا دوو وەرزییە، بە کوشە، پەل، تۆو لە ئینجانە و نەمامگەدا دەیچێنن (٤٥- ٧٠سم) بەرزدەبێت، کارتە دەکرێت، لکی کەم دەکەنەوە تا گوڵی گەورە بێ، پێویستی بە داو هەیە رایبگرێت بە درێژایی ساڵ گوڵی هەمەڕەنگ و سادەو شەستپەڕ و بۆنخۆش دەدات.















## دووەم: گیایە جوانەکان:

**گیایە جوانەکان**: کۆمەڵە رووەکێکی گیایین، بۆجوانی گەڵاکانیان دەچێندرێن، رەنگی گەڵاکانیان، وەك گەڵای گیاکانی دیکە سەوزی ئاسایی نییە، بەڵکو رەنگی سەوزی زیوییە، وەك: گوڵەرۆن (سەنتۆریای زیویی، یا پرتەقاڵی و سوورە، وەك: کەلەرمی جوانی و مافوور (کۆلیۆس) .



### ١- گوڵە رۆن: سێناریا، سەنتۆریای زیوین *Cineraria maritima*

گیایەکی تەمەندارە، لە ئەیلوول و لەئاداردا بەتۆو بە پەل زۆر دەکرێت. قەدەکەی (٤٠ — ٦٠ سم) باڵادەکات، نیمچە وەستاوە و لقی زۆریش دەردەکات. گەڵاکەی بەش بەش و هەلبڕاوە، لەبەر خۆرەتاودا رەنگی زیوییە، گەڵای ژێرەوەی





سەوزترە. لەمانگی ئاب و ئەیلوولدا گوڵی نیمچە وشك و رەنگ زەرددەدات، بۆکردنە چەپ زۆر لەبارە. لە کوێستانەکانی کوردستاندا بە سروشتی هەیە.

**سێیەم: گیایە بۆندارەکان:** کۆمەڵە رووەکێکی گیایین، بۆنیان خۆش و شادی بەخشە، نموونە: بۆنخۆشکە و پۆتکە بۆنخۆشە و جاترە و پوونگ و رەیحان.

**١ - بۆنخۆشکە (عەتری چا) (Geraniaceae)** *pelargonium graveolens*

لەبەهار و پاییزدا بەپەل زۆر دەکرێت، ئەگەر پەلەکەی بەر لەچاندن بۆ ماوەی چەند رۆژێك بخرێنە ناو ئاوەوە ئەوا رێژەی سەوزبوونی زۆرتر و خێراتریش گەشەدەکات. (٣٠-٥٠ سم) بەرز دەبێت، چونکە قەدەکەی گەڵێك وەستاو نییە، بۆیە پێویستی بەراگر هەیە. لەگەڵ زستانی سارددا دۆست نییە، بەڵام حەزی بە هاوینی گەرمە. گەڵای سەوزو زبرو بۆنخۆشە. گوڵەکەی وەنەوشەیی یا پەمبەیی و بۆندارە.





### ٢- پوونگ (نعناع): *Mentha spp.* (Lamiaceae)

گیایەکی تەمەنداری بۆنخۆشە. لەنیوەی شوباتەوە تا کۆتایی ئادار بە پەل و بە جوداکردنەوەی لقە راکشاوەکانی زۆردەکرێت. جۆرێکی سروشتی لە کوردستاندا هەیە. قەدەکەی نزیکەی (٣٠ سم) بەرز دەبێت، لقەکانی لە دەوروپشتی خۆیدا دەکشێن، رووەکێکی ئاوخوازە لە دەراو و زەوی زەنەکەکاندا دەبیندرێت. لە تەمووزدا گوڵدەکات. دەکرێت بدرووێتەوە، دووبارە لەمانگی ئابدا جارێکی دیکە گوڵ دەکاتەوەو دەبڕدرێتەوە، لە تشرینی یەکەمیشدا هەمان شت سێ بارە دەکرێتەوە.





### ٣- رەیحان: *Ocimum basilicum*

لەمانگی شوباتدا لە دوکان و نەمامگەکاندا بە تۆو دەچێندرێت، بە (٤٥ رۆژ) دەبێتە نەمام و دەگوازرێتەوە. پتر لە لەلێواری باخچەی ماڵان دەبیندرێت. هەندێك





پۆلی نزیکەی مەترێك بەرزدەبێت. یەکەمجار قەدەکەی گیاییە دوایی دەبێتە داری تا کۆتایی پاییزەوە تاهاتنی سەرما، دەمێنێتەوە. گەڵای بۆندارە، هەیانە رەنگی سەوزە و هەشیانە رەنگی بەلای وەنەوشەیی تاریك دادەڕوات. تۆوەکەی بۆندارە

## ٤- پۆتکە بۆنخۆشە (بەزالیای عەتری) (pailionaceae) *Lathyrus odorata*

رووەکێکی وەرزی گوڵداری بۆنخۆشی خۆ هەڵواسە، لە (ئـەیلول- ت ١)، بگـرە لـە زۆربەی کاتەکانی ساڵدا،راستەوخۆ لە باخچەدا دەچێندرێت، لە شوبات - نیـساندا گوڵی سوورو سپی و ئاڵ و وەنەوشەیی دەدات.



## چوارەم: پیازە گوڵ جوانەکان: (گوڵە پیازییەکان) Flowering Bulbs

**گوڵە پیازیی**: ئەو رووەکە گییاییانەن کە بەشێکیان لەسەوزەی و بەشێکیشیان لەناو خاکدا گەشەدەکات و خۆراکی **تێدا دادەکرێت** و بۆ زۆرکردنیش بەکاردێت.

**بە شێوەیەکی گشتی پیاز و کورمە و گرۆ نەختێك قــووڵ دەچــێندرێن، کــە بەســەر دەچــن گــەڵاکانیان زەرد دادەگــەڕێت، یــا وشــك دەبێــت، هەڵدەکەنــدرێن و لــە شوێنێکی سێبەری نەختێك فێنك کە هەوا گۆڕکێی هەبێت و زۆر شــێدار نــەبێت، هەڵدەگیرێن، تاوەکو لە وەرزی داهاتودا دووبارە دەچێندرێنەوە.**

**جۆرەکانی رووەکە پیازییەکانی جوانی بە گوێرەی کاتی چاندنیان:**

**ا- پیازە زستانییەکان:** لەپاییزدا دەچێندرێن، لەزستان و بەهاردا گوڵ دەکەن، نموونە: نێرگز، تیولپ.

**ب- پیازە هاوینیەکان:** لەبەهاردا دەچێندرێن و لەهاوین و پاییزدا گوڵ دەکەن، نموونە: زەنبەق و دالیا و گلادیۆلس

**پ- پیازەکانی لەهەموو وەرزێکی ساڵدا دەچێندرێن:** گلادیۆلاس و سایکلامین .

**جۆرەکانی پیازی جوانی، بەگوێرەی ئەو بەشەی کە لەژێر زەویدا خۆراکی تێدا کۆدەبێتەوە:**

**١- پیازە راستەقینەکان: True Bulbs** قەدێکی پەپکەیی لەناو خاکدا هەیە کە بەبنکە گەڵاکانی دەوردراوە، نموونە:

**نێرگز و سووسن و تیولپ، لیلیۆم.**



## چەند نموونەیەکی پیازەکان

### ١- نێرگز *Narcissus spp.* ( Amaryllidaceae)

پیازێکی راستەقینەی زستانەیە. لەمانگی ئەیلولدا پیازیلەکەی راستەوخۆ لەباخچە یا لە ئینجانەدا دەچێندرێت. لە چیاکانی کوردستاندا خۆرسك شین دەبێت. لە نیوەی مانگی شوباتەوە تا دوای نەورۆز گوڵ دەردەکات، رەنگی گوڵەکەی سپی و زەردە و بۆنی خۆشە، گوڵەکەی دەکرێتە چەپك. شێوەی گەڵاکەی **پلیتەییە** (شریتییە). دەکرێت لە تەمووزدا پیازەکانی لە خاك دەربکرێن و لەشوێنی فێنکدا دابندرێن، گەر لە خاکدا مایەوە ئەوا تاکو پاییز ئاونادرێت.



### ٢- سوسن (ئایرس) (Iridaceae) *Iris spp.*

پیازێکی راستەقینەی زستانەیە، پیازیلـەکانی لـەپاییزدا دەچـێندرێن. لـە



چیاکانی کوردستاندا خۆڕسك دەڕوێت. گەڵای تیر شێوەن و کۆتاییەکەی نوکدارە، لە ئادارو نیساندا گوڵ دەکات[٤]، ڕەنگی گوڵەکەی: سپی و زەردو پەمبەو شینە، دەکرێتە چەپك.

### ٣- مێلاق (تیولپ، لالە، مەندیلان) *Tulipa spp.*

پیازێکی ڕاستەقینەی زستانەیە بە پیازو بە تۆو زۆردەکرێت، قەدەکەی (٤٥-٧٠سم) بەرز دەبێتەوە، ، ڕەنگی گوڵی : سوور، ئاڵ، پرتەقاڵی، سپی، وەنەوشەییە، بر چنینەوە باشە.





### ٤- گوڵە شلێر: Fritillaria imperiails

پیازێکی زستانییە، نێرکەکەی چەندین گوڵی گەورەی شێوە زەنگی رووبەرەو خواری ڕەنگ پرتەقاڵی و سوور دەگرێت لە کوێستانەکانی کوردستان بەشێوەیەکی سروشتی دەڕوێت.

---

٣- لە زۆر ناوچەی کوردستاندابە سووسن دەڵێن گوڵە نەورۆز . گوڵە زەعنەر ( Crocuses civijicil کە لە پایزاندا پتر گەڵێکی زەرد دەدات و لە گۆڕستەکاندا دەیچێنن ) بە سووسن ناودەبەن. سمێڵ سووسنی: بە تازە لاوی سمێڵ زەرد دەڵێن.



٢- **کۆرمە:** **Corms** قەدی ژێرزەوین، گەو گرێیان هەیە، نموونە: گلادیۆلس و فریزیا.


**فریزیا** (Iridaceae) *Freesia refracta*

کورمەیەکی زستانەیە، لە ئەیلوول و تشرینی یەکەمدا کۆرمەی نوێی لە ئینجانەدا دەچێندرێت، کە (٥ سم) بەرزبۆوە دەگوازرێتەوە شوێنی بەرهەتاو و والا، نێرکەکەی (٣٠-٤٠ سم) بەرز دەبێت، گەلاکەی لووسە و لەشێوەی شیردایە.





کۆگوڵەکەی لەشێوەی شانەیەو چەند گوڵێك هەڵدەگرێت هەمەڕەنگن، بۆ چەپککردن دەست دەدات .



**٣-قەدە گرۆ** **Tubers steems**

قەدی هەڵئاوساوی ژێر زەوین، چەندین چاو (هەر چاوێك کۆمەڵە گۆپکەیەکی تێدایە)، نموونە: کلادیۆم و سایکلامین.

**گوڵە نایلۆنە (سایکلامین)** (primulaceae) ***Cyclamen indicum***

**نایلۆنە: گرۆیەکی** زستانەیە، لەشوێنی نیمچەسێبەردا پەروەردەدەکرێت، بە گرۆ زۆردەکرێت، گەلای لە شێوەی دڵدایە و ڕەنگی سەوزێکی پەڵەدارە. لەبەهاردا گوڵ

دەكات، گوڵەكانی هەمەڕەگن (سپی و سوور و وەنەوشەیی و پەمبەن). زۆر جار بە ئینجانەوە بۆ دیاری دەیبەن.







### ٤-ڕەگە گرۆ: Tuberous roots

كۆمەڵێك ڕەگی هەڵئاوساون، لە تاجەوەبەیەكەوە نوساون، نموونە: دالیا و گاگرۆ و گوڵاڵەسوورە (گوڵە نیسان ئەنیمۆن) .



**داليا** *Dahlia pinnata* (Compositae)

زیاتر پیازێکی هاوینەیە و رەگی گرۆیی هەیە. تۆوەکەی لە شوبات و ئاداردا دەچێندرێت، بە دابەشبکردنی رەگە گرۆییەکانی و قەدەپەلی لاتەنێشتی زۆردەکرێت. قەدی لقدار و ناسکە. رەنگی گەڵای سەوزێکی کاڵە، لێوارەکانی مشارین، گوڵی هەمەڕەنگ و هەمەشێوە لەکۆتایی لقەکانی دەردات، هەموو جۆرە گوڵەکانی دەکرێنە چەپك .





**٥- رایزۆم:** **Rhizomes** قەدی ژێرزەویی یان سەرزەوییان، گرێ و گەیان هەیە

**نموونەی رایزۆم:** گوڵە شەهلا.

**شەهلا (کەڵەمۆز)** *Canna indica* (Cannaceae)

شەهلا: رووەکێکی تەمەندارە، بەرایزۆم یان بەبراڵە زۆردەبێت.. لەزۆربەی وەرزەکانی ساڵدا گوڵی هەیە. قەدەکەی لوولەکی و ئاوگییە، بالای تا (٢ م) بەرزدەبێت. گەڵای گەورەن و لەشێوەی گوێی رەشەولاخدان. گوڵی گەورەیە، نێرکەکەی کۆمەڵە گوڵێك (کۆگوڵ) دەدات، کە رەنگیان: زەرد، سوور یا خاڵدارە. بۆ کردنە چەپك پەسند نییە.



وێنەی گوڵە شەهلا



وێنەی چەندین گوڵی پیازەکان



وێنەی چەندین گوڵی جۆراوجۆری هەمەڕەنگ

## کۆمەڵەی دووەم: رووەکە دارینییەکان:

کۆمەڵە رووەکێکن کە خۆراکی کۆکراوەیان، ئەوەی لە ئەنجامی رۆشنە پێکهاتنەوە دروست بووە، دەگۆڕن و دەیکەنە ریشاڵە دارك (سلیلۆز)، ئەمەش پەیکەرە رووەکەکەیان رەق و پتەو و بەهێزدەکات.

**رووەکی دارین بەسەر ئەم بەشانەی خوارەوە دابەش دەکرێن:**

١- رووەکە خۆ هەڵواسەکان ( خۆهەڵواسەرەکان )

٢- رووەکەکانی پەرژین


٣- دەوەنە ئاساییەکانی دیکە

٤- دار ( درەخت )ەکان

### ١- رووەکە خۆهەڵواسەکان Climbers Plants

کۆمەڵە رووەکێکن، بە تەنها ناتوانن قەد و لك و گەڵاکانیان بە وەستاوی (بە ستوونی) رابگرن، بۆ ئەوەی گەشەبکەن و بەرەو بانەوە سەربکەون و تیشکی خۆریان بەربکەوێت، بە هۆی تەرز و رەگ و توول و لوولدان و تێکئاڵانەوە خۆیان





به رووەك و دیوار و شتی دیکەوە هەڵدەواسن و سەردەکەون، نموونە:

**مێو و مێوی جوانی و لفکە شامی کوولەکەی جوانی، تەرزییان (محالیق)** لە رووەك و شتی دیکە دەئاڵێنن و پێیدا سەردەکەون.



**مالوێنچە (هایدرا) بە رەگی هەوابییەوە** خۆی بە شتەکانەوە دەگرێت.

**چنگە پشیلە، بە رەگی قەدییەوە** (چـنگی) خـۆی چەسـپ دەکـات و بـە دار و دیوار هەڵدەگەڕێت.



**لاولاو، قـەدی خـۆی لـە رووەك و شـتی دیکـە دەئاڵێنێت** و پێیدا هەڵدەگەڕێت.

گوڵی رووەکە خۆهەڵواسەکان جوانە یـا گـەڵاو دیمەنیان دڵگیرە یـا هـەردووکیان. بـۆ رازاندنـەوە و جوانکردنی باخـچە و شـوێنی بەرچـاوی وەك سـەر کەپر و کەوانە و سەردەرگا، یا بۆ داپۆشینی شـوێنی رووت و شـاردنەوەی دیمـەنی ناشیرین دەچێندرێن. خۆهەڵواسی هەمیشە سەوز و گوڵ جـوان کـە بـۆ ماوەیـەکی دوورودرێژ گوڵبدات پەسندترە.

زۆرینەی رووەکی خۆهەڵواس تەمەندارن بە گەلێك رێگە زۆر دەکرێن:

بە زۆری تۆوەکەیان لە ئادار و ئەیلوول دەچێندرێت.

له شوبات و ئاداریشدا قەدەپەل و شیلەیان دەچێندرێت، نموونە:

چاندنی **شیلە** یا **کوشەکردن لە بەهاردا. یا موتربەکردن، نموونە یاسەمین.**



**وێنەی [پردێك و دیوارێکی  بە رووەکی خۆ هەڵواس داپۆشراو .شتوتگارد- ئەڵمانیا**



**وێنەی دیوارو دەرگایەکی کۆنی کلیسەیەك   بە رووەکی خۆ هەڵواس پۆڵۆنا. -ئیتاڵیا**

**خۆهەڵواسەكان بەگوێرەی تەمەنی دابەش دەكرێن بۆ:**

١- **خۆ هەڵواسی تەمەندار:** لق و قەدیان دارینە، بۆ جوانی دەچێندرێن و تەمەنیشیان لەسێ ساڵ پترە، نموونە: **دۆزەخیی و یاسەمین** كەبۆ جوانی گوڵەكانیان دەچێنرێن، هەندێكی دیكەشیان بۆ جوانی گەڵاكانیان نموونە: **مالوێنچە (هایدرا) و ئەسپراگسی نەرم و زبر** .




٢- **خۆهەڵواسەی وەرزی:** رووەكی گیایین ،كەمتر لەساڵێك دەژیەت. لەسەرەتای بەهاردا دەچێندرێن و لەگەڵ هاتنی زستان كۆتایی تەمەنیان دێت، نموونە. **كوولەكەی جوانی و لفكە شامی** و لاولاوی ئاسایی.

### ١- مالوێنچە ( دار ئالیك، هایدرا )؛ *Hedra helix*

رووەكێكی تەمەندارە، بە كوشە و بە پەلەقەد زۆر دەكرێت. بە رەگە هەواییەكانی خۆی لەرووەكی دیكە گیردەكات. پتر بۆ جوانی گەڵاكانی دەچێندرێت، شێوەی گەڵاكەی دڵییە. حەزی لەسێبەرە، رەنگی گەڵای هەندێكیان

سەوزو سپی جنجرە. گوڵەکی بچووك و بێ بۆنە. بەرەکەی رەشە. بەرگەی هەڵپاچین دەگرێت.





### ٢- دۆزەخیی ( جەهەنەمی) *Bougainvillaea glabra*

لە سەرەتای بەهارەوە بەقەدەپەل زۆردەکرێت. تاکو (٦م) بەرزدەبێتەوە، هەندێك قەدیان دڕکیاوییە، بە دڕکەکانی خۆی بەدیواردا هەلدەواسێت. گەلاکانی بەرامبەر یەکدین، رەنگیان سەوزێکی تاریك و تووکنە رەنگی کەنابەکانی سووری تاریك، یا وەنەوشەییە.



### ٣- چنگە پشیلە[5] *Doxantha ungis- cati*

بە تۆ و بە پەل چاندن و کوشەکردن زۆردەکرێت. بەخێرایی گەشەدەکات، تاکو (١٠م) بەرز دەبێتەوە. بۆ داپۆشینی دیوار و شوێنی نارێك بەکاردێت و جوانیەکیش بەشوێنەکەی دەبەخشێت. گەڵای ئاوێتەیی پێنج پەلکۆکەییە، شێوەیان هێلکەییە، گەڵا لاتەنیشتەکانی بوونەتە تەرز و بەهۆیانەوە خۆی بە دارو دیوارو ڕاگری دیکەوە هەڵدەواسێت. بەرگەی تیشکی خۆر دەگرێت. لەبەهاردا گوڵی زەرد دەدات.





### ٤- لاولاوەی ئاسایی *Ipomoea sp.*

ڕووەکێکی گیاییە لەکۆتایی هاویندا بەتۆو دەڕوێندرێت. گەشەی خێرایە. بۆداپۆشینی سەردەرگاو دیوارو پەرژین بەکاردێت. حەزی لەشوێنی بەرهەتاوە، لەخاکی کەم پیتیشدا گەشەدەکات. قەدەکەی نەرمە و ڕەنگەکەی سەوزێکی زەرد باوە، لق و پۆپی زۆر دەردەکات. گەڵاکانی شێوە دڵین. لەپاییز و زستان و بەهاردا

---

[5] ١- چرنووکە پشیلە



گوڵدەکات بەڵام کە دونیا زۆرگەرم بوو، وشك دەبێت. گوڵەکانی وەك بۆقی وان. ڕەنگیان سوور و شین و ئەرخەوانیی و پەمبەیە، لەبەیانیانەوە تاکو دوای عەسر دەکرێنەوە.

## پەرژینە ڕووەك: Fenes and Hedges plants

هەندێك ڕووەك خێرا گەشـەدەکەن و گـەڵا و چـڵ و لکەکانیـشیان چـڕ و پـڕە، بەرگەی بڕین و خێرا گەشـەکردنەوە و شـێوە دروسـتکردن دەگـرن. پـەرژین، (کـە لەنزیك یەکدی و لەسەر یەك هێڵ، یا لە چەند ڕاستە هێڵێـك دەچـێندرێن، گەشـە دەکەن و دەبنە پەرژین، شێوەی دیوار دروست دەکەن)، شێوەی ویـستراوی دیکـەی وەك گۆیی ، گومەزی، چەتری، کەوانەیی... لێی درووستدەکرێت. ڕووەکی پـەرژین بە گشتی ڕەگیان بەهێزە و بە ئاسانی دەچێندرێن و زۆرینەیان هەمیـشە سـەوزن و بەرگەی دەردو نەخۆشییەکان و بار و دۆخی نالەباری چوار وەرزی ساڵیش دەگرن. ئەگەر ڕووەکی خۆ هەڵواس بکرێتە پەرژین، ئەوا دەبێت لە تـەك دیـوار و تەلـدڕ و ڕووەکی دیکەوە بچێندرێت...



**رووەكی پەرژین بۆ دوو مەبەستی سەرەكی دەچێندرێن:**

**أ- پەرژینی جوانی Hedegs Plants** : هەنـدێك رووەكـی پـەرژین بـۆ جـوانی گوڵـەكانیان دەچـێندرن، وەك: **دۆزەخیـی، یاسـەمین، هێـرۆی سـووری، مینـا**... هەندێكیـشیان بـۆ جـوانی گـەڵاكانیان دەروێنـدرێن، وەك: **مورتـك و مـازووی فەرنگی**... مەبەست لـەم پەرژینانـەدا جـوانی و پەناكردنـە لـە هەنـدێك دیمـەنی ناشیرین، وەكو ناوبڕەش بۆ جیاكردنەوەی بەشەكانی باخچەیە...

كە خۆهەڵواسی وەك: یاسەمین و گولەباخی خۆهەڵواس (شەنگە گوڵ، گوڵی بـە شۆڕابە) بۆ پەرژین بەكاردێن ئەوا چەندین شكل و شێوەی ویـستراویان لێ دروسـت دەكرێت، پێویستیشیان بە تەلە پەرژین (BRC) بە بەرزی (١-١,٥ م) هەیە.

### ١- مووردتك (Myrtacea) *Myrtis communis*

دەوەنێکە، (٣ م) بەرزدەبێت. لەکوردستاندا لەناوچە ئاوییەکان بەشێوەی سروشتی بڵاوبۆتەوە. بەتۆو و قەدەپەل و لێك جوداکردنەوە زۆردەکرێت. قەدەکەی سەوزو ڕەقە و لق وپۆپی زۆر دەردەکات. گەڵاکانی بەرامبەر یەکدی و لووس و بریقەدارن، شێوەکەیان هێلکەییە. لە ئایارو حوزەیراندا گوڵ دەکات، گوڵەکەی بچووك و رەنگ سپییە. لەمانگی تشرینی دووەم تۆوەکەی پێدەگات، بەرەکەی بچووك و شێوە گۆییە. بە هەڵپاچین چەندین شکل و شێوەی لێ دروست دەکرێت.




### ٢- شمشاد *Buxus suffruticasa*

شمشاد[6]: دەوەنێکی هەمیشە سەوزی فرەگەڵایە، بە قەدەپەل زۆردەکرێت. لق و چڵی زۆرە، شێوەی گۆیی یا ستوونی رێکوپێك و دڵگری هەیە، چونکە گەشەی لەسەرەخۆیە، بۆیە گەلێك پێویستی بەهەڵپاچین نییە. گەلێك بەرگەی تیشکی

---

[6] - شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد، لە کۆنەوە بە شمشاد ناویان بردووە ،نەك بە شمشار.

خۆری گەرمی راستەوخۆ ناگرێت، پتر حەزی لەشوێنی سێبەرو نیمچە سێبەرە، گەڵاکەی بچووك و هێلکەیی و تەنك و بریقەداری سەوز یا زەردو سەوزە.



### ٣- مازووی فەرەنگی (سۆیا) *Thuja arientalis* **(Cupressaceae)**

دەوەنێکی هەمیشە سەوزە. بە تۆو زۆردەکرێت. (٣-٥م) بالآدەکات، توێکڵی قەدەکەی سوور یان قاوەییە، لقی زۆر لەبنکەی قەدەکانەوە دەردەچن، گەڵاکانی ورد و پانن، لەچەندین پەلکۆکە باریك پێکهاتوون، رەنگیان سەوزی کاڵ یا زەردباوە، گوڵی زەردە ، بەرەکەی لەشێوەی گۆ (مازوو)ە، لە شەقام و باخچەو پارك و شوێنە گشیەکاندا وەك پەرژینی جوانی دەچێندرێت. ژینگەی کوردستان بۆی لەبارە.










دیمەنی چەند وێنەیەکی دیکەی رووەکی پەرژینی جوانی وەك نموونە.

**ب-پەرژینی پاراستن Fences plants** : هەندێك رووەکـی دڕکـاوی کـە بـۆ پـەرژین دەشێن، وەك **چیلەو تانۆك** و بەربەست، بۆ پاراستن، لەسەر ناوان و بە چـوار دەوری باخچەدا لە جیاتی دیوار و تەلدڕ دەچێندرێن، نموونە: **دڕکی شام Acacia arabica**، هەنجیری دڕکاوی . نموونەی دەوەنەکانی کوردسـتانیش: **گوڵـە شـیلان (نەسـرین)، دڕکەزی (خەزێمە)، لاس، توودڕك (دڕی) سۆبلەتی (گوێژ).**

### ١- هه نجیری دڕکاوی (هه نجیری بیابان) *Opuntia ficus- indica*

دەوەنێکی ئاوگی دڕکاوی تەمەندرێژە. بە قەدەپەل یا براڵە یا لێك جوداکردنەوە یا موتربەك زۆر دەکرێت. دڕکاوییەکی ترسناکە، بەرگەی وشکی و بێئاویش دەگرێت. قەدەکانی گەورەو پەپکەیی درێژبووەوەن، کە بە توێکڵی مێوینی ئەستوور داپۆشراوە، مەمیلەی دڕکنی هەیە. بەرەکەی گۆییە و رەنگەکەی زەردە یان سوورە، بەمیوەیەکی بەسوود دادەنرێت.





## ٢- دەوەنی مینا: *Lantana camara*

دەوەنێکی خۆهەڵواسەری گوڵدارە، بەتەمەن و گەڵاوەریوی دڕکاوییە، بە ئاسانی بە تۆو زۆردەکرێت. وەك پەرژینی بەرگریکەر دەچێندرێت وێڕای ئەوەی کە شێوەی جۆراو جۆری (لاکێشەیی وگۆیی) لێ دروست دەکرێت، بۆ قەد دیواری ماڵانیش دەروێندرێت، گەڵاکانی لەشێوەی دڵن و لێوار مشاریی و زبرن، گەر دەستی بەر بکەوێت ئەوا بۆنێکی تایبەت دەردەدات، گوڵەکەی لەشێوەی کۆگوڵ دایە، ڕەنگی: پەمبەیی و زەرد و سپی و تێکەڵاوی... هەیە، لەسەرەتای بەهارەوە تاهاتنی سەرما گوڵ دەکات ، بەرەکەی خڕە لە سەرەتادا سەوزە دواتر ڕەش دادەگەڕێت.







## ٣- نموونەی دەوەنە ئاساییەکانی دیکە shrubs

دەوەن: رووەکـی داریـنن، دوو قـەد یاپتریـان هەیـە، بـەزۆری لقـی زۆر دەردەکەن، لـە دار نـزمترن، بـەزۆری بەرزییەکـەیان لـە نێـوان(٣-٤م) دایـە، هەمیشەسەوز یا گەڵاوەریون، خۆ هەڵواس یا وەستاون...

نموونەی چەند دەوەنێکی ئاسایی

**أ- گوڵەباخ (گوڵەرەز، دەوەنە رۆز) *Rosa spp.* (Rosaceae)**



**گوڵە بـاخ:** دەوەنێکـی تـەمەنـداری دڕکاوی گوڵ جوانە. بە تۆو قەدەپەل و شیلەو کوشەو موتربە زۆر دەکرێت، لەدێراوەکانـدا یـا بـۆ جیاکردنـەوەی بەشەکانی باخچە یا بە دوکان بۆ جـوانی دەچـێندرێت. چـەند لقێـك دەردەکـات، (واباشـە بـە ٤-٧ لـق بـەخێوبکرێت) لقەکانیش پەل و چڵی زۆر دەدەن.

گەڵاکانی ئاوێتەییە و هەر گەڵایەك (٥-٧) **پەلکۆکەی** هەیـە، گـوڵی رەنگـاورەنگ (پەمبەیی و سوورو زەردو سپی و ... دەگرێت. شـێوەی بەرەکـەی گۆییـە.. ئەگـەر بـە زانایی هەڵبپاچرێت ئەوا گەلێك جۆر و پۆلی بەدرێژایی ساڵ گوڵ دەدات

**گوڵە شیلان** (نەسرین) لە کوردستاندا بە سروشتی هەیە و لە بە هاراندا گوڵی سادە دەگرێت، دەوەنەکەی بەهێزە و باشیش بڵند دەبێت، بـەرگری کرمـە مارانـە دەکات. **شەنگە گوڵە باخ (شۆڕەگوڵی)**ی لەسەر موتربە دەکرێت.

**گوڵە باخی بۆنخۆش** ( گوڵ محەمەدی، گوڵە چا، گوڵەڕەز) دارەکەی بەهێزە و دەوەنەکەی چڕ و پڕە، لە بەهاراندا گوڵی بۆنخۆشی نیمچەشەستپەڕ و پەمبە دەگرێت، وشکی دەکەنەوە و دەیکەنە نێو چایەوە، ئەگەر هەڵیبپاچن ئەوا گوڵ ناگرێت.

**ڕۆزی فەرەنسی:** بەژنی کورتە و گوڵی ورد و هەمەڕەنگ بە هێشوو دەگرێت.

**گوڵە هێلکە:** ڕەنگەکەی پەمبەیە و شێوەی هێلکەییە، بۆنی خۆشە. زوو هەڵدەوەرێت.

گوڵەباخ زۆر جۆر و پۆلی دیکەی هەن کە ڕەنگی جۆراوجۆر دەدەن، هەندێکیان بێ بۆنن، .بڕوانە وێنەی چەند نموونەیەکی:










## ٢- گوڵەقاوە *Lagerstromia indica*

دەوەنێکە بەتۆو بە قەدەپەل زۆردەکرێت. بەرزییەکەی دەگاتە (٣-٤ م)، توێکڵی قەدەکەی لووس و قاوەییە، لقی زۆرە.گەڵاکانی لە گەڵای هەنار دەچێت، سادەیەو بەرامبەر یەکدی و درێژکۆڵەن، یا هێلکەیین، گەڵای لە پاییزدا دەوەرێت، گوڵەکانی وەك هێشووە، رەنگی سپی و قاوەیی و ئەرخەوانی هەیە، لەهاویندا گوڵ دەردەکات.



## ٣- شەنگە گوڵ (ورد الجمال) *Hibiscus rosa sinensis*

دەوەنێکی هەمیشە سەوزە، بەتۆو پەلەقەد و موتربە زۆردەکرێت. لق





وپۆپی زۆر لێ دەبێتەوە، قەدەکەی ڕێکە، بۆ سنووری نێوان باخچەکان و بەشەکانی دەڕوێندرێت. گەڵاکانی هێلکەیی و لێواریان مشارییە. لەدوای نەورۆزەوە تاکو کۆتایی هاوین گوڵ دەکات، ڕەنگی گوڵەکانی سوورو سپی و پرتەقاڵی و پەمبەن.

## ٤- کچە باڵوێز *Euphorabia pulcherrima*

دەوەنێکی هەمیشە سەوزە (١-٣ م )بەرزدەبێت، بە پەلەقەد، یا برالە زۆردەکرێت. هەرچەندە قەدەکەی کورتە بەڵام لقی زۆرە ، لێواری گەڵاکانی مشارین. لە هاوین و پاییز و زستاندا گوڵی ڕەنگ سپی یان شین دەدات، بایەخی لە جوانی گوڵەکانیدا نییە، بەڵکو جوانی لەکەنابەکانی (کەچەند گەڵایەکی سوور یا زەردن دەوری گوڵەکەیان داوە) دایە هەندێك ڕووەکی

وەك گوڵە دۆزەخیی و کچەباڵۆێزدا کەنابیان هەیە. لەکاتی بریندار‌بوونی قـەد و چڵی کچەباڵیۆزدا شلەشیرێك دێتە دەرەوە، ژەهراوییە.



٥- **یاسەمین** *Jasminum sambac*

دەوەنێکی کورتی هەمیشە سەوزە. بە پەلەقـەد و کوشـەکردن و موتربـە لەبەهاردا زۆردەکرێت. بەرزییەکەی (٢- ٢,٥ م)ە. لە شوێنی نیمچە سێبەر و زەوی شێداردا باش گەشەدەکات. گەڵاکانی ئاوێتەیین، درێژکۆڵـەوو بەرامبـەر یەکدین. رەنگی گوڵەکەی سپی، یا زەردی بۆندارە، هەمووکاتێکی ساڵ (جگە لەزستان) گوڵی هەیـە. تـاکو بـۆنی گوڵـەکانی بێتـە ژووری ماڵـەوە لـە نزیـك پەنجەرەو هەیوانەکاندا دەچێندرێت.



**٦- شەواشینك** *Spartium junceum*

دەوەنێکە لە گەلێك ناوچەی کوردستاند بـە سروشـتی بڵاوبۆتـەوە چـڵ و لکەکانی سەوزن، لە بەهاراندا زۆر گوڵی زەرد دەدات.





**٧- ئەرخەوان،** *Cercis siliquastrum* (Caesalpiniaceae)

دەوەنێکی گەڵاوەریوی گوڵداری جوانە گوڵی زۆر بۆ ماوەیەکی باش دەدات



## ٨-ژاڵە، روڵك، (Apocynacea) *Nerum oleander*

دارێکی بچووك یا دەوەنێکی هەمیشە سەوزە ٥ م بەرز دەبێ. لە دەم چەمەکانی گەلێك ناوچەی کوردستان خۆڕسکە. بە پەل و تۆو لە بەهار و لە پاییزدا دەڕوێندرێت، لە کۆتایی بەهاردا گوڵی سادە یا شەستپەڕی ڕەنگ: سپی، زەرد، ئاڵ، سوور، ئەرخەوانیی دەدات.





### ٤- دار ( درەخت )ەكان Trees

دار قــەدێکی ســەرەکی داریــن و بــەرزی (٢-٣ م) هەیــە، لــق وپــۆپ دەردەکــات و لــە (١٠ م) زیــاتر بــەرز دەبێتــەوە، قــەبارەیان گەورەیــە، دار تەمــەنیان درێــژە، هەیانــە هەمیــشەسەوز هەشــیانە گــەڵاوەریو. نموونــە: باوەشــێنە (واشــنتۆنیا) و ســەروو و کــاژ (ســنۆبەر)و گــەز (کاژوارینــا اثــل) و کــافوور (کــالیپتۆس) و فلّچەی شووشــە داری هەمیــشە ســەوزن، ئەســپیندار (سپییەچنار) چنار(سوورەچنار) و تــوو و پــەڵگ و دارتەسبیح و ئەکاسیا و هەرمێ ..گەڵاوەریون



### ١- سەروو *Cupressus sempervirens* (Cupressaceae)

دارێکی هەمیشەسەوزە. بەتۆو زۆردەکرێت. قەدێکی ڕێك و ڕەنگ قاوەیی و سەوزباوی هەیە کە پتر لە(٣٠ م) بەرزدەبێت. گەڵای باریك و تیژو سەوزی دەرزیی شێوەیە. ئەندامەکانی نێرینەو مێینەی لەشێوەی گۆیەکی گرنج گرنجە (مخروطي)، گەشەی لەسەرەخۆیە،بەگوێرەی ڕێك وپێکی ڕاستی و ئاراستەی لقەکانیان دووجۆری هەیە: ا- سەرووی شاتان (ستوونی) ب- سەرووی ئاسۆیی.





### ٢- فلچەی شووشە *Callistemon lensiolate = C. viminales* **(Myrtacea)**



دەوەن یادارێکیێ هەمیشەسەوزی لـك شـۆڕەی جوانە ، زۆربەی کاتەکانی ساڵ گوڵی سوور،یا ئاڵ دەدات، بە تۆو زۆردەکرێت.

### ٣- سپییە چنار (ئەسپیندار): *populul nigra* L. (Salicacea)

گەڵاوەریوێکی باڵابەرزی ڕێکوپێکە، بە پەلەقەد زۆردەکرێت. گەڵاکەی سەوزێکی بریسکەدارو سادەیە، گەشە خێرایە، گوڵەکانی تاك تۆخمی جووت شوێنە، بەشێوەی گوڵکۆ لەپێش کرانەوەی خونچە لەبەشی سەرەوەیدا دەردەکەون، لەکۆتایی ئادارو ئایاردا تۆوەکەی پێدەگات، کە تەمەنی بگاتە (١٥-٢٠ ساڵ) ئەوکاتە تۆوی زۆرتر دەدات.





### ٤-شەنگەبی، شۆڕەبی: Salix babylonica (Salicacea)

دارێکی لك شۆڕی دیمەن دڵگرە، ڕەنگی گەڵا لووسە سادەکەی سەوزێکی زەردباوە. بە زۆری لە تەك فەوارەکاندا دەڕوێندرێت.



## ٥- چنار *Platenus orientalis*[7](Salicacea)

**سوورەچنار:** دارێکی قەد ڕەقی ئەستوور و پتەوی تەمەن درێژە. بە پەلە قەد زۆردەکرێت. بەرزییەکەی لە (٣٠ م) تێپەڕدەکات. گەڵای لەشێوەی لەپی دەستدایە (لێوارەکانی هەڵبڕاوە، لاسکەی گەڵای درێژە. گوڵەکانی لەشێوەی گۆی خڕە و لە نیسان وئایاردا دەردەکەوێت، حەزی لەژینگەی شێدارە، بۆیە پتر لەلێواری جۆگەو ڕووبارەکاندا دەڕوێندرێت





[7] - دالر و دەوەنەکان پتر لە بابەتی (دارستان) دا بە فراوانی باسکراون بۆیە لێردا کورتبڕە

## داره یەك لە پەكان ( دارخورما و هاوشێوەكانی ):

گرنگترین داری هەمیشە سەوزی ناوچەكانی كەمەرەیی و نیمچە كەمەرەیین ، لەبەر بالآی بەرزی قەدەكەیان كە تاكو (٢٥ م) دەڕوات و تاكو بەرزایییەكی زۆریش بێ لق و پۆپن، بۆ جوانی دەچێندرێن، كە بەگەورەییش بگوازرێنەوەو لەناوناچن، نموونە **دارخورمای ئاسایی و باوەشێنە (واشنتۆنیا)، گوێزی هندی** هەشیانە بەرزی قەدەكەیان تاكە مەترێكە، نموونە: **دارخورمای كورتەبالآ. سایكس.**

### ١- دارخورمای ئاسایی (Palaceae) *phoenix dactylifera*

دارێكی هەمیشە سەوزی تەمەن درێژە، بە براله و تۆو زۆردەكرێت. نزیكەی (٣٠ م) بەرزدەبێتەوە، زۆربەی هەرە زۆری قەدەكەی بێ لق و پۆپە، بەلآم لووس نییە چونكە شوێنەواری گەلآ وشك و بڕاوەكانی پێوەدیارە. گەلآی گەورەو ریشدارە، رەگی لابەلایی و ریشاڵییە. گوڵەكانی تاك توخمی دوو ماڵەن (گشت گوڵەكانی دارە مێیەكە، گوڵی مێیەن. نێرەداریش تەنیا گوڵی نێرە دەدات.



## ٢- باوەشێنە (واشنتۆنیا ، دارخورمای جوانی) *Washngtonia filifra*

دارێکی یەك لەپەی هەمیشە سەوزی تەمەندرێژە، بە تۆو بە براله زۆردەکرێت. پتر لە (٢٠م) هەڵدەچێت، قەدە بەرزەکەی رێك و راستە، لە نزیك زەوییەوە کەمێك ئەستوورترە، تیرەی قەدەکەی دەگاتە (١٠٠سم). رەنگی گەڵاکەی سەوزە، بەش بەشی هەڵبڕاوە، (٩٠سم) پانە. زیاتر بۆ ناوچەی گەرمەستێر دەگونجێت.





## ٣- گوێزی هندی *Cocos nucifera*

هەمیشە سەوزێکی یەك لەپەیە. بە تۆوە زۆر دەکرێت. لەشوێنی شێدارو گەرمدا باشتر گەشەدەکات. (٢٥ م) بەرزدەبێتەوە قەدەکەی نیمچە لووسە، شوێنەواری گەڵاکانی پێوەدیارە، گەڵای توکدارو درێژە (٥م) درێژ دەبێت. گوڵەکانی هێشوون، درێژییەکەیان مەترێکە. تۆوەکەی لەناو بەرگێکی رەقی ریشاڵیی دایە.





## سایکس *Cycas revolute*

سایکس کورتە باڵاو لوولەکی و دڵگرە. گەڵای نەرم و درێژو پڕ و هەڵبڕاوە، وەك پلاستیك وایـە. بـەبووکی باخـچە ناودەبرێـت، نرخـدارترین رووەکـی جوانییـە و لەهەمووانیش بەتەمەنترە، لە ژینگەی گەرم و مام ناوەندیدا دەژیت ، بـە براڵـە و بەتۆو زۆردەکرێت.







## رووەکەکانی بەر سێبەر

**رووەکەکانی بەر سێبەر و ناو شووشەبەند:** رووەکی جۆراوجۆرن، قەوارە گەورە و بچووکن، زۆرینەیان تەمەندارن هی ئاوهەوای ناوچە کەمەرەییەکانن، رووناکیەکی کەمیان دەوێت و زۆربەشیان بەرگەی وشکی و ساردی ناگرن، بۆیە لە شوێنی سێبەرو تایبەتی وەك خانووی پلاستیکی و شووشەبەندو ساباتی دارین و داڵان و ناوماڵ و ژووری فەرمانگەو دامەزراوەکان و هەندێك شوێنی گونجاوی باخچە لە ئینجانەدا بەخێودەکرێن، بۆ جوانی رەنگ و شێوەی گەڵاکانیان یا بۆ گوڵی جوانیان یا بۆ هەردووکیان، بە

مەبەستی رازاندنەوەی شوێنەکانیان بەکاردێن. خۆڵی گونجاو بۆ چاندنی ئەم ڕووەکانە بە پێی جۆرەکانیان دەگۆڕێت، بە گشتی: تێکەڵەی لم و پەینی رزیوی ئاژەڵ، یا تێکەڵەی: (پتمۆس: زیخ: لم) بەرێژەی ٢:٢: ١ بەکاردێت. نموونەیان: لاستیك (فیکەس،مەتات) و قەفەزەسنگ و مالوێنچە (هایدرا ) و گوێفیل و پێستەپڵنگ و مافوور و ئەسپراگس و بیگۆنیا و کرۆتۆنە ..







وێنەی: کرۆتۆن بیگۆنیا پێستە پڵنگ

### ١- لاستیك (فیکەس، مەتات) *Ficus spp.*

دارێکی گەورەیە نزیکەی (٢٠٠٠) جۆری هەیە. حەز بە ژینگەی گەرم وشێدار دەکات، لە هەرێمە گەرم و شێدارەکاندا (١٥ م) بەرزدەبێت، لەزستاندا دەچێتە سووڕی متبوونەوە. لەسەرەتای بەهاردا بە قەدەپەل و گەڵایەپەل وکوشەی هەوایی لە بارودۆخی گەرم و شێدار زۆردەکرێت. قەدەکەی ئەستوورو لووسە، لەسەرەتادا سەوزە دوایی قاوەیی دەبێت، گەر برینداربکرێت شیرێکی لێدەردەچێت کە دەبێتە لاستیك. گەڵاکانی سەوزو لووس و بریقەدارن، شێوەی دڵێکی درێژکۆڵەیان هەیە،

له سەرەتای کرانەوەیاندا ئاماڵ سوورن دوایی سەوز دادەگەڕێن. مانگانە دووجار پەین دەدرێت.




### ٢- قەفەزەسنگ *Monstera deliciosa*

رووەکێکی هەمیشەسەوزە. لە ئینجانەدا بەخێوەکرێت بەمەرجێك دوور بێت لەتیشکی خۆری راستەوخۆ، بەلاّم رووناکیشی پێویستە. بە قەدپەلە یان کوشەی هەوایی زۆردەکرێت. قەدەکەی سەوزە، ( ٢-٣ م) بەرزدەبێتەوە. ناتوانێت رێك وستوونی هەڵبستێت، بۆیە پێویستی بە راگر هەیە، یا بە داوێك بەشوێنێکەوە دەبەسترێتەوە. گەلاکانی گەورەن و شێوەی دڵیان هەیە، لێوارەکانی بەش بەش و هەڵبڕاوە لەشێوەی قەفەزەی سنگدان، هەندێکیشیان کونیان تێدایە، جوانیەکەی لەگەلاکانی دایە. رەگی بلاّوە و رەگی هەوایشی زۆرە کە بۆ هەناسەدان بەکاری دێنێت، پێویستە گەلاکانی لە ژینگەی گەرمدا بە ئاو برشێندرێت بۆ ئەوەی شێداربن.




### ٣- گوێفیل *Colocacia esculenta*

رووەکێکی هەمیشە سەوزە. بەبرالە و بە قەدەپەل (بەپارچە پارچەکردنی قەدەکەی و دانانی نیوەی پارچە لوولەکیەکە لە ناوەندێکی چاندنی گونجاودا زۆردەبێت. قەدەکەی گیاییەکی لوولەکیە. گەڵاکانی گەورەو سەوزن، لەشێوەدا وەك گوێی فیلن، بۆیە بە گوێفیل ناونراوە، بەرگەی تیشکی خۆری راستەوخۆ ناگرێت، حەز بە گەرمی و شێداریی دەکات، لە گەرمای هاویندا گەڵاکانی تەڕدەکرێن.





### ٤- ئەسپراگسی زبر(دڕ، گەڵا درشت) *Aspragus sprengeri*

ڕەگەکەی گرۆی هەڵئاوساوی سپییە، بە تۆو دابەشکردن و برالە زۆردەکرێت. قەدە هەواییەکەی کەمێك دڕکاوییە، لقی درێژی لێ دەبێتەوە. گەڵاکانی سەوزی شێوە دەرزیلەیین، گوڵەکەی سپی و بۆندارە: پتر لەپاییزدا بەردەگرێت، شێوەی بەرەکەی گۆییەکی بچووك و سوورە. ڕەنگی تۆوەکەی ڕەشە.





ئەسپراگسی نەرم (گەڵاورد)یش هەیە کە بە ئاکارو بە شێوە لە زبرەکە دەچێت. پتر بۆ بەر پەنجەرەکان باشن

## ڕووەکەکانی بۆ جوانی گەڵاکانیان دەچێندرێن:

**نموونەی وێنەی ڕووەکەکانی بۆ جوانی گەڵاکانیان دەچێندرێن**









## ڕووەکەکانی بۆ جوانی بەرەکانیان دەچێندرێن:

نموونە: کوولەکەی جوانی، گوێژی جوانی، تەماتەی و باینجان و بیبەرو تەوابلی جوانی و پرتەقاڵ و لیمۆی جوانی.









**گولْ و رووەكی ئینجانە** Pot Flower گـەلێك رووەكـی جۆراوجـۆر و گـەورەو بچووكی جوانی لە ئینجانەدا دەچێندرێن و لە شوێنێكەوە بۆ شوێنی دیكە بـەپێی ویست دەگوازرێنەوە نموونە: داودی، مێخەك، جەربرا، جیرانیۆم.













## گوڵەکانی چنینەوە (کردنە چەپك) Cutting Flowers

گوڵ و گەڵای گەلێك رووەکـی جۆراوجـۆر و گـەورەو بـچووکی جـوانی، لـەدوای بڕینیاندا (بە تایبەتی لە سەرەتای خونچەکردنەوەدا گەر بـە نێرکـەوە یـا نـەختێك لـە گوڵهەڵگرەکەی ببڕدرێت بخرێت ناو گوڵدان و ئاوەوەن) بۆ ماوەیەکی چاك، بە گەشی و





جوانییەوە دەمێننەوە، بۆیە بەشێوەیەکی هونەری دەهۆندرێنەو دەکرێنە چەپك و لە بۆنەکاندا دەکرێنە دیاری یا بۆ رازاندنەوەی شوێنەکان بەکار دێن، ئەو گوڵانـەی خێـرا تێك دەچن بەکلکی چنینەوە نایـەن، نموونـە: گوڵـەباخ، داودی، مێخـەك، شەسـتپەڕ، دەمەشێر گلادیولس، جەڕبڕا...






**رووەکە دڕکاوییە ئاوگییەکان Cactus and Succulent Plants:**

کۆمەڵە رووەکێکی جۆراو جۆر و فرە شێوە و قەبارە جیاجیان، قەد هەڵئاوساو یا بەمۆم داپۆشراون. گەڵاکانیان بووەتە دڕك، یا باریك لوولخواردوون (تاکو هەڵمێن کەم بێتەوە). دڕکاوی و بێ دڕکیان هەیە، قەدەکانیان سەوزەو رۆشنە پێکهاتنیش دەکەن. پلەی گەرمای بەرز کاریان تێناکات، بەڵام بەرگەی ساردی ژێر پلەی ٧س° ناگرن، خاکی سووکی کەم خوێیان دەوێت. لە خۆڵی سووك و بەردەڵاندا باشتر گەشە دەکەن. لە سروشتدا بە زۆری لە دوای وەرزی باران بارینداا گوڵدەکەن، بەڵام تەمەنی گوڵەکانیان کورتە. پتر بۆ جوانی شێوە و قەبارەکانیان دەچێندرێن.

لە نێو لم و پەینی رزیوی ئاژەڵی بە رێژەی (٣: ١) کەمێك جیر و خەڵوزی تێ بکرێت دەچێندرێن ، لە وەرزی گوڵکردندا ئاوخوازن، لە هاویندا ئێواران و لە کاتی پێویستدا، لە زستانیشدا بەیانیان ئاودەدرێن، نابێت رووەکەکان راستەو خۆ تەڕبکرێن یا زۆر ئاوبدرێن چونکە زیانیان پێدەگات و هەندێکیشیان دەڕزن. زۆر رووەکی دڕکاوی دیکە هەن کە لەگەڵ ئەم کۆمەڵەیە دانانەدرێن، وەك: رووەکە دڕکاوییەکانی سەر بە خێزانەکانی ئاوێتەییەکان و باینجانییەکان. نموونەی رووەکە دڕکاوییە ئاوگییەکان:














**چەندین جۆرە رووەکی**
**درکاوییە ئاوگیییەکان**

## ١- هه‌نجیری دڕکاوی Opuntia ficus-indica

له‌رووه‌که‌کانی په‌رژینی پاراستندا باسکراوه





## ٢ - دڕکی ماران (دڕکی مه‌سیح) *Euphorbia milii*

دەوەنێکی گەڵاوەریوە. لەبەهاردا بە قەدەپەل یا تۆو زۆردەکرێت. (٢م) بەرزدەبێتەوە قەدو لق وچڵەکانی پڕیەتی لەدڕك. گەڵاکانی سەوزو سادەو شێوە کەوچکین. گوڵەکانی چوار کۆپەڕەیین، رەنگی ناودارترینیان سوورێکی خوێنینە، رەنگی سپی و پەمبەیی و زەردیشی هەیە. شێوەی بەرەکەی **کیفکدارە** (کەپسولەییە)، کە پێبگات تۆوەکانی پەرشو بڵاودەبێتەوە، گەر قەدو لق و چڵەکانی بریندار بکرێن ئەوا مژادێکی سپی شیری ژەهرینی لێ دەردەچێت بۆیە واباشە بەرپێست وچاو نەکەوێت.





### ٣- ئەگاف *Agave americana*

دەوەنێکی قەد کورتە، بە براله یان تۆو زۆردەکرێت نێرکەکەی تا (٢م) بەرزدەبێتەوە. کۆمەڵێك گەڵا لەسەری کۆبۆتەوە، گەڵاکانی درێژو شێوەیان وەك تیر وایە، لێواریان سپی یان زەرد و دڕکاوییە، شێوەی گوڵەکەی وەکو شەیپوور (بۆقی)ە، کە بەتەمەن دادەچێت ئینجا گوڵ دەکات و کۆمەڵێك تۆو دەگرێت.




### ٤- ئەلۆی *Aloe vera*

رووەکێکی ئاوگی تەمەندارە، بە براله زۆردەکرێت. (٦٠ سم) بەرز دەبێت، شێوە گەڵای ڕمییە، لێواریان دڕکدارە، شێوەی گوڵە زەردەکانی کۆگوڵی هێشوویین. لەبەهاردا پێدەگەن.




## ٥- کالانشۆ *Kalanckoe marmorat*

رووەکێکی ئاوگی تەمەندارە. بەرگەی تیشکی خۆری راستەوخۆی هاوین ناگرێت. بە قەدەپەل، یا گەڵایەپەل زۆردەکرێت. قەدەکەی سەوزەو لەسەرەتادا نەرمە دوایی رەق و پتەو دەبێت، کە گەڵاکانی زۆردەبن، بەرگەی راگرتنیانی نامێنێت، گەڵاکانی ئاوگی گۆشتنن، شێوەیان وەکو لەپی دەستە، لێواریان نارێکە. لەبەهاردا نێرك دەکات و بە کۆمەڵ گوڵی سوور و زەرد دەگرێت، گوڵەکانی بچووکن و لەشێوەی کۆگوڵدان، بێ بۆنن.





یۆکا

## چیمەن:





## چیمەن:

ڕێژەی (٥٠ — ٧٠ ٪)ی ڕووبەری زۆربەی باخچەکان دەکرێتە چیمەن ( فریز، هەرێز): کە بە پانتایی سەوزایی، گۆڕەپانی چیمەن، مافوری سەوز ناو دەبرێت. ڕووبەری چیمەن، جوانی دیمەنی باخچەکە دەردەخات. ئەو جۆرە چیمەنانەی لە باخچەدا دەچێندرێن: ڕووەکی نەرمن و زوو گەشە دەکەن و ڕەنگیان سەوزێکی دڵگیرە و بەرگەی دەرد و نەخۆشی و بەسەرکەوتن ( پەستانەوە) و بڕین دەگرن.

وەك: **جۆرەکانی چیمەن:**

**١- چیمەنی ( فریزی) گەرمێن :**

**أ - چیمەنی ئاسایی** Bermuda grass

**ب- چیمەنی یابانی** Japanese grass

**ج- چیمەنی فەرەنسی** Augustine grass

**٢- چیمەنی کوێستان**

**أ- چیمەنی کنتاکی** Kentucky bluegras

**ب- چیمەنی رای بەتەمەن** Perennial ryegrass

**ج- چیمەنی فسکیۆی درێژ** Tall fescues

٣- جۆرەکانی چیمەن بە پێی پۆلینکردنی زانستی.

**چیمەنی بەرمۆدا** *Cynodon dactylon* چیمەنی خۆمانە وژینگەی گەرمەسێر

**چیمەنی چل و چوار** *Eremochola ophiurode*

**چیمەنی مافوور** *Axonopus compresus*

# بەشی سێیەم:

# کارکردن لە باخچەدا

## ئامادە کردنی زەوی باخچە و نەمامگە:

یەکەم کێلآنی زەوییەکە هەرچەندە قووڵ بێت ئەوەندە باشترە، بۆ ئەوەی زەوی رەق و پەستراوە هەڵبوەشێنێتەوە و بۆ خۆڵ گۆڕین و پڕکردنەوەی نزمی و نویکردنی شوێنی بەرزی زەوی باخچە، بۆ راستکردن و هەموار کردنی زەوی، بۆ ئەوەی بەباشی دابچێندرێت و بە ئاسانی ئاوبدرێت و بەباشی گەشەبکات.

دابەشکردنی زەوی بەپێی نەخشە بۆ چاندن بە هۆی داو و سنگ و بەرد و خشت و کاشی و چیمەنتۆ و خۆڵەوە

## چاندن و زۆرکردنی رووەکان

### رێگەکانی زۆرکردن:

**یەکەم توخمە زۆرکردن Sexual reproduction**

**چاندنی تۆو لە نەمامگەو ئینجانەو باخچەو ژێرنایلۆندا:**

**کارەکانی: ئامادەکردنی ناوەندی چاندن و لانکەو شوێنگەی تۆو، تۆودان و تۆو چاندن. ئاودان، پەینکردن، پاراستن، تەنککردن، هەڵکەندنی و چاندنەوەی نەمامی وەرزی و رووەکەگیاییەکان، لە بەشی یەکەمی پەرتووکەکە (نەمامگەکان)دا باسکراوە**

## دووەم ناتوخمەزۆرکردن ( سەوزە زۆرکردن ) Vegetaibl reproduction

چۆنیەتی (چاندنی پەل، موتربە، کوشە، شیلە، رایزۆم، پیاز، کورمە، قەدەگرۆ، رەگەگرۆ، چاندنی شانەی رووەکیی.

**کارەکانی:** ئاودان و پەین کردن، هەڵکەندن و گواستنەوەو چاندنەوەی نەمامی دار و دەوەنی هەمیشە سەوز ، گەڵاوەریو... لە بەشی یەکـەم (نەمامگـەکان)دا باسکراوە. کارەکانیش بە پێی ساڵنامەی کارەکانی نەمامگـەو باخـچە ئـەنجام دەدرێن.

### چەند پێناسەیەك:

**خەساندن ( پرۆپکـەبڕین ) Pinching** کرتاندنی ترۆپکی گەشەکردن، بۆ ئەوەی لکی زۆرتر دەربکات.

**کارتەکردن ( سوورە پەلکردن، سەرتەنەکردن Disbudding )**

پێچەوانەی خەساندنە.لقی لە گۆپکەی لاتەنیـشت دەرچـووی لادەدرێـت بـۆ ئەوەی گوڵی سەرپەل گەورتر ببێت.

## کارە تایبەتییەکانی دیکەی نەمامگە و باخچەداری:

### ١- چاندن و پەروەردەکردنی رووەکی پەرژین:

زۆربەی رووەکەکانی پەرژین بە تۆ و بە پەل لە کاتی گونجاودا دەچێندرێن:

دوای ئامادەکردنی زەوی و دیاریکردنی شـوێنی چـاندنیان، چـاڵی (٥٠ سـم) قووڵ و (٥٠ سم) بەرین و درێژییەکەشی بە پێـی پێویـست هەڵدەکەنـدرێت، لـە ژێرەوە چینێك (١٠ سم) پەینی ئاژەڵی شیبووەوە دەکرێتە ناو چاڵەکەوە، بە گـڵ

یا لم پڕدەکرێتەوە، ئاوددرێت، شوێنی چاڵەکە کەمێك دادەکەوێت، بە تێکەڵەی لم و پەینی ئاژەڵی رزیو بە ڕێژەی (٣ : ١) پڕدەکرێتەوە.

پەل یا شیلە یا نەمامی رووەکەکان (٣٠-٧٥ سم) لە یەکدی دوور (بەگوێرەی جۆری رووەك) دەچێندرێن. دوای چاندن ڕاستەوخۆ و دواتریش بەپێی پێویست ئاوددرێت، چەند رووەکێکیش لە شوێنێکی بەلاوە دروێندرێن بۆ ئەوەی دواتر لە شوێنی رووەکە فەوتاوەکان بچێندرێنەوە.

کە سەوز بوون و گەشەیان کرد، ساڵی یەکەم بە بەرزی (٣٠- ٥٠) سم دەبڕدرێن، بۆ ئەوەی لکی چڕ و پڕ دەربکەنەوە. ساڵی دووەمیش لە تەنیشتەکانییەوە بە بەرینی (٥٠ سم) پەرژینی وەستاو، (١٠-١٥ سم) بەرینی پەرژینی سەر تەل هەڵدەپاچرێت، لە لای سەرەوەشیدا لە بەرزایی پێویست بە ڕێکوپێکی یا بە لاری یا کەوانەیی، یا تۆپ... بە پێی ئارەزوو دەبڕدرێت، دواتریش بە گوێرەی گەشەکردن و پێویست دەبڕدرێتەوە. ئەو رووەکانەی کە گوڵیان جوانە بەر لە گوڵکردن نابڕێنەوە، بۆ ئەوەی خونچەی گوڵەکانیان نەبڕدرێت، بەڵکو لە دوای گوڵکردن ڕاستەو خۆ هەڵدەپەرداوترێن. دواتریش ئاودان و پەینکردن و بژارکردن و بڕینەوە بە پێی پێویست دەبێت.

### ٢- چاندن و پەروەردەکرنی چیمەن:

خاکی بە پیت و نیمچە فشۆڵ کە ڕێژەیەکی باش پەینی ئاژەڵی رزیوی تێدابێت بۆ چاندنی فریز لەبارە، چونکە خۆراکی باشی تێدایە و ڕێژەیەکی چاك ئاو رادەگرێت و کەمتریش دەپەسترێتەوە و چیمەنەکەی خێراتر گەشەدەکا...

ئەگەر خاکەکەی باش نەبوو ئەوا دەبێت خۆڵەکەی بە قوولایی (٢٠- ٣٠سم) بگۆڕدرێت و تێکەڵەی لمی لە بێژنگدراو (بۆ ئەوەی گرۆی سۆتکە و شتی دیکەی

لیّ جیابکریّتەوە) و پەینی ئاژەڵی رزیو جیّگەکەی بگریّتەوە، ئەگەر ئەمە نەکرا، ئەوا دەبیّت بەلایەنی کەمەوە (٤ سم) لە خاکەکە بگۆڕدریّت. دوای ئامادەکردن و پەستانەوە و هەموارکردنی زەوی و ئاودانی (بۆ ئەوەی تۆو و گرۆی سۆتکە و بژاری دیکە سەوز بن و قەلاچۆبکریّن، بەرزی و نزمیەکانی دەربکەون و بە تیّکەڵە پڕبکریّتەوە)

**یەکەم: فریزچاندن**

**ا- چاندنی تۆوی فریز:**

دوای ئامادەکردنی زەوی، (١ کگم) تۆوی فریز بۆ چاندنی (٥٠ -١٠٠ م٢) زەوی لە شوباتەوە تا نیسان بەکاردیّت. تۆوەکە بە ریّژەی (١: ٢) لەگەڵ زیخ تیّکەڵدەکریّت، ئینجا نیوەی تیّکەڵەکە (تۆو و زیخ) لە باکورەوە بەرەو باشوور تۆوەدەدریّت، نیوەکەی دیکەشی لە رۆژهەلاتەوە بەرەو خۆرئاوا پەخشدەکریّت، بۆ ئەوەی بە باشی دابەش ببیّت.



تۆوەکە بە تەنکە لمیّك دادەپۆشریّت، یا بە شەنە و رنۆك لەگەڵ خۆڵەکە لیّکدەدریّت. زەوییەکە دەپەستریّتەوە، بە هیّمنی ئاوپژیّن دەکریّت، بە مەرجیّك

لەگەڵ ئاودانەکە تۆوەکە لە شوێنی خۆیدا نەڕوات، تا سەوز دەبێـت ڕۆژانـە (١-٢) جار تەڕدەکرێتەوە.

### ب - چاندنی قەد و پەل و ڕایزۆمی چیمەن:

بەر لە چاندن، زەوی ئاودەدرێت، کە کزرد دەبێتەوە، ڕایزۆم و لکی فریز بە ڕەگـەو هەڵدەکەندرێت و لوولدەدرێت.

زەوی ئامادەکراو بە شێوەی هێڵی کەمێك قووڵکراو. نێوان هێڵەکان (٢٠-٢٥ سم) و نێوان چاڵەکان (٢٠-٢٥) سم بێت. ڕایزۆمەکان دەخرێنە ناو چـاڵەکانەوە،یا رادەخرێت و به خـۆڵ دادەپۆشـرێت، (لـە روبـەری بـچووکدا چـیمەن بـە خۆڵـەوە هەڵدەکەنن و لە نێو هێڵی هەڵکەندراو رادەخرێت کە ئەمـەیان گەشـەی خێراتـرە) دەپەسترێتەوە، ئاو دەدرێت. دەکرێت قەدی بڕاوی چیمەن بەسەر زەوی بڵاوبکرێتەوە و لەگەڵ خۆڵ لێکبدرێت و ئاو بدرێت.

لە زۆربەی کاتەکانی ساڵدا (لە چلەی هاوین و چلەی زستان بترازێت) ڕایزۆمـی چیمەن دەچێندرێت، بەڵام ئادارو نیسان و مایس باشترین کاتە.

### دووەم- پەینکردنی چیمەن:

بۆ ئەوەی ڕووبەری چیمەن گەشەی خێرا و دیمەنی سـەوزێکی دڵگیربێـت، ئـەوا پێویستی بە پەینکردنی باش هەیە.

لەکاتی ئامادەکردنی زەوی بۆ چاندن، دواتریش ساڵان بە چـەند جارێـك (١٠) تەن \ دۆنمێك، پەینی ئاژەڵی شیبووەوە و (٤ کگم N) نـایترۆجین و (٢ کگـم P) فـسفۆر و (٢ کگـم K) بۆتاسـیۆم بـۆ (١٠٠ م٢) زەوی بـەکاردێ. بـۆ کـاتی ئەنجامدانی کارەکە، بڕوانە ساڵنامە ی باخچە.



**سییەم: ئاودانی چیمەن :**

ئاودانی بە پێ تەمەنی رروەك و وەرز و جۆری خاکەکە دەگۆڕێت، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی چیمەن ئاوخوازە، بەتایبەتی لە وەرزی گەشەکردن و گەرمادا، لە گەرمای هاویندا (١-٢) رۆژ جارێك چیمەن ئاو دەدرێت.

رێگە و ئامرازەکانی ئاودان لە بەشی نەمامگەکاندا باسکراوە.

**چوارەم: بڕینەوەی چیمەن:**

بۆ ئەوەی دیمەنی رووبەری سەوزایی هەمیشە سەوز و دڵگیربێت، ئەوا پێویستە لە وەرزی گەشەکردندا هەر (١- ٢) هەفتە جارێك یا کە چیمەنەکە (٥سم) بەرز ببێت بېڕدرێتەوە (ئەگەر درەنگ بدروێتەوە ئەوا لە ژێرەوە پەرێزەدەکات و زەرد هەڵدەگەڕێت و درەنگتریش گەشە دەکاتەوە)، بە ئامێری چیمەن بڕینەوەی دەست، یا کارەبایی یا کارکردن بە سووتەمەنی دەبڕدرێتەوە، گەڵا و لکە بڕاوەکان دوور دەخرێنەوە. بڕینەوە فریز، رووی سەرەوەی یەکسان وەك مافور دەخاتە بەر چاو، لەگەڵ بڕینەوەشدا کەنارەکانی رووبەری چیمەنەکە بە داسوك و کێرد و مقەس دەبڕێتەوە یا هەڵدەکەندرێت، تا لە سنووری خۆی دەرنەچێت و نەکەوێتە ناو دار و دەوەن و شوێنی گوڵەکانەوە. دوای

بڕینەوەش گەشەی لك و گەڵای نوێ ئاسکتر و سەوزتر و دڵگیرترە. هەندێك مـژادی وەك سیکۆسیل (CCC) بۆ کەمکردنی گەشە و کەمترکردنەوەی بڕینەوە بەکاردێت.

**پێنجەم: نوێکردنـەوەی چیمەن:** هـەر حـەوت سـاڵ جارێـك یـا کـە زەوییەکـە زۆر پەسـترایەوە، یـا گەشـەی چـیمەنەکە بێهێزبـوو و جوانییەکـەی نـەما و بـە ئـاودان و پەینکردنیش چارە نەکرا، ئەوا چیمەنەکە لە ژێرەوە بە رەگ و ریشە و خۆڵەوە لادەدرێـت و سەرلەنوێ دەچێندرێتەوە. یا بۆ چارەسەری پەسـتانەوەی رووبـەری سـەوزایی و نـوێ کردنەوەی هەواگۆڕکێ، بە ئامێری تایبەتی زەوییەکە کونکون دەکرێت.



## چەند پرسیارێك:

پ١ / پێناسەی باخچە بكە؟ جۆرەكانی بە پێی خاوەنداریەتی بژمێرە؟

پ٢/ ناوی سێ جۆرە باخچەی جیهانی بژمێرە؟

پ٣/ پێكهاتە سەرەكییەكانی باخچە چین؟

پ٤/ سیستەمە سەركییەكانی باخچەكان بژمێرە؟.

پ٥/ زۆر بە كورتی خاڵە گرنگەكان دەربارەی دامەزراندنی باخچە بنووسە؟

پ٦/ چۆن بڕیار دەربارەی هەڵبژاردنی سیستەمی باخچەیەك دەدەیت؟

پ٧/ ناوی دوو وڵات بڵێ كە ساڵانە دەسكەوتی زۆریان لە گوڵفرۆشتن هەیە؟

پ٨/ گیای گوڵدار چیەو جۆرەكانی بە پێی تەمەن چەندن؟

پ٩/ نموونەی سێ گوڵی وەرزی زستانەو سێی هاوینی بێنەوە؟

پ١٠/ گوڵی گیایی تەمەندار چییە؟ چوار نموونە بژمێرە؟

پ١١/ نموونەی سێ پیازی گوڵ جوانی زستانە بژمێرە؟

پ١٢/ رووەكە دارینەكان چین، جۆرە سەرەكییەكانی كامانەن؟

پ١٣/ جۆرەكانی رووەكی پەرژین بە نموونەوە بژمێرە؟

پ١٤/ رووەكی خۆ هەڵواس چین؟ سێ نموونەی جیاواز بە پێی هۆكاری خۆ هەڵواسینیان بژمێرە؟

پ١٥/ دەوەن چییە؟ دوو نموونەی دەوەنی هەمیشە سەوز و دووی گەڵاوەریو بێنەوە؟

پ١٦/ پێناسەی دار بكە؟ دوو نموونەی داری هەمیشە سەوز و سێی گەڵاوەریو بێنەوە؟

پ١٧/ رووەكی بەرسێبەر پێناسە بكەو دوو نموومە بێنەوە؟

پ١٨/ كورتەیەك دەربارەی گوڵە مێخەك بنووسە؟.

پ١٩/ تایبەتمەندییەكانی رووەكە دڕكاویيە ئاوگییەكان چین؟

پ٢٠/ بایەخی چیمەن لە باخچەكاندا چییە؟

پ٢١/ بۆچی هەندێك جۆرە گوڵ بۆ چنینەوە باشن و هەندێكیشیان بە كەڵك كردنە چە پك نایەن؟.

# بەشی چوارەم پاشکۆکان

## یەکەم: ساڵنامەی کارەکانی نەمامگەو باخچەداری:

ساڵنامەکە بە شێوەیەکی گشتییە،چونکە کاتی ئەنجامدانی کارەکان بە پێی کەشوهەوای ساڵ و ژینگەی ناوچەکە و ( گەرمێن و کوێستان و...) جۆر و پۆلی رووەکەکان ... دەگۆڕێت. دەکرێت کارنامەی باخچە بکرێتە چوار بەش: زستان، بەهار، هاوین، پایز. کە دەڵێین لە نیوەی دووەمی مانگی تشرینی دووەمەوە یا سەرەتای مانگی ك ١ ئاوگی رووەکی گەڵاوەریو دەوەستێت و نەمام و پەلی دارەکان دەچێندرێن ، پەینی ئاژەڵیان دەدرێتێ، هەڵدەپەرداوترێن، ئەم کارانە لە مانگی کانوونی یەکەم و کانوونی دووەم و شوبات، بۆ ناوچەی ساردیش لە ئادار دووبارە دەنووسرێنەوە، مەبەست لە دووبارە کردنەوەیان بۆ ئەم کارانەیە کە تەواو نەکراون، نەك لە هەموو مانگێك دیسان پەین بکرێنەوە و بچێندرێنەوە و هەڵبپاچرێنەوە...



**١ – كانوونی دووەم:**

- چاندنی پەل ( قلم) و نەمامی گوڵەباخ و داری گەڵاوەریو.
- لێدانەوەی نەمامی گوڵە زستانییە فەوتاوەکان.
- هەڵپەرداوتنی( هەڵپاچین، کەزاختن، تقلیم) دار و دەوەنی گەڵاوەریو، بە پێی پێویست. کەد و لکی وشك و نارێکی داری هەمیشسە سەوز دەبڕێت.
- ژێر دار و دەوەن شل دەکرێتەوە و بە پەینی ئۆرگانی( ئاژەڵی) بە ڕێژەی (١٠ م٣ \ دۆنمێك) پەین دەکرێت. پاککردنەوەی پانتاییە سەوزەکان (چیمەن) و داپۆشینیان بە چینێکی تەنکی پەینی ئۆرگانی شیبووەوە، گوڵە زستانییەکان پەین دەدرێن.
- چنینی( رنینی) بەری مزرەمەنی (پرتەقاڵ و لالنگی و لیمۆ...)
- سەلکی پیازە هاوینییەکانی لە زەوی ماون، هەڵدەکەندرێن و لە شوێنی وشك و فێنك و هەواگۆڕکێ دا هەڵدەگیرێن.
- لە وەرزی سەرما و بەستەڵەکدا باخچە ئاو نادرێت. کە بەفریش ببارێت داری مزرەمەنی داپۆشرێت باشە یا زوو بەفرەکەی لەسەر لابدرێت، ئەگینا لك و گەڵاناسکەکان و چگۆپکەی گوڵی (خونچەکانیان) دەکوژێت.
- زستانە پژاندن (الرشة الشتوية) بە وینترۆل (یا قرکەری دیکەی گونجاو) بۆ دار و دەوەنی گەڵاوەریو کە پێویست بێت ئەنجام دەدرێت.

**٢- شوبات :**

- کارەکانی مانگی پێشوو تەواو دەکرێن.
- لە گەرمێندا تۆوی گوڵی هاوینە دەچێندرێت و نەمامیان دەگوازرێتەوە، پەل و نەمامی داودی و مێخەك و گوڵە باخ و داری میوەی گەڵاوەریو دەچێندرێن، مێو کوشە دەکرێت.
- لەم مانگە و دواتریش مێخەك و وەنەوشە گوڵدەدەن.
- گوڵەباخ و دارە مێو دەبڕدرێن ( هەڵپاچین).
- چنینەوەی بەری مزرەمەنی و کۆکردنەوەی بەرهەمی سەوزەی زستانی.

ئەگەر پێویست بوو نەخۆشی سپی ، ئاگرە سۆتەکەی هەرمێ.... قەڵاچۆدەکرێت



**٣ – ئادار:**

- زۆربەی داری گەڵاوەریو لەم وەرزەدا گوڵـدەدەن. کـە ئـاوگی رووەك جووڵـەی کرد، هەڵپاچین و چاندنیان رادەگیرێت.

- كە ترسی سەرما و بەستەڵەك نەما، نەمامی دار و دەوەنـی هەمیـشە سـەوز (مزرەمەنی، زەیتوون...) بە خۆڵەوە دەچێندرێن.
- چاندنی نەمام و پەلی هەنار و ترێ و هەنجیر و میوەی گەڵا وەریوی دیکـە لـە ناوچە ساردەکاندا بەردەوامە (کە هێشتا ئاوگیان جووڵـەی نـەکردووە و پـشکۆیان دەرنەکردووە).
- چاندنی مێخەك.
- تۆوی دار و دەوەنی جوانی و رووەکە خۆهەڵواسەکان و گیاییە تەمەنـدارەکان و وەرزییە هاوینییەکان و پیازە هاوینییەکانی وەك گلادیولس، دالیـا، لیلـەم...و تۆوی چیمەن دەچێندرێن. پەینی کیمیایی (NPK) بە پێی پێویست بەکاردێت.
- هەڵپاچین و پەیندانی رووەکەکانی پەرژین.
- ئەگەر باران نەباری ئەوا لە ناوچـە گەرمەکانـدا بـە پێـی پێویـست باخـچە ئاودەدرێت.
- دەرد و نەخۆشییەکان بە زۆری دەردەکەون، وەك: شۆکە، مڵە، کرمـی بـەری میوە، کرمە گەڵاخۆرەکان، کرمـە مارانـە ، ئـاگرە سـۆتەکەوی هـەرمێ و سـێو، گژوگیا بە پێی پێویست قەڵاچۆکردێن.

**٤ – نیسان:**

لە وڵاتی ئێمەدا نیسان مانگی گوڵان و رازانەوەی سروشت و چالاکی گیاندار و زیندەوەرانە

- سـەڵکی پیـازە زسـتانییەکانی وەك: میـلاقی بەسەرچـوو و... هەڵدەکەندرێن و پاك دەکرێنەوە و لە شوێنی فێنك و وشك و سێبەر و هـەواگۆڕکێ هەڵدەگیرێن.

- تۆوی گوڵی هاوینە و پیازی هاوینە و نەمامی مێخەك و داودی و جیرانیۆم و دەمەشێر و نەمامی سەوزەی هاوینی و تۆو رایزۆمی چیمەن دەچێندرێن. پانتاییـە سەوزەکان (چیمەن) نوێ دەکرێنـەوە. نـەمامی رووەکـە هاوینییـەکانی فـەوتاون دەچێندرێنەوە.

- بـە پێـی پێویـست پـەینکردن و ئـاودان (لـەکاتی وشـکەتی) و دەرد و نەخۆشییەکانی وەك: شۆکە و سنی ئارداوی و مێرووی توێشکدار و کرمـی بـەری میوە و رەشەکرمی چیمەن و مڵە و نیماتۆدا... قەڵاچۆ دەکرێن.

- لە ماوەی گوڵکردن و بەرگرتندا (گوڵهەڵپێچان، **عقد الثمـار**)، نابێـت داری بەر، تێنوو بن، بەڵام نابێت ئاوی زۆریشیان بدرێتێ (بۆ ئەوەی گوڵـەکانیان بکەنـە بەر و زۆری هەڵنەوەری). بەری زۆری لە رادەبەدەر تەنك دەکرێ، بۆ ئـەوەی جـۆری بەرەکەی دەمێنێتەوە باش بێ.

- لەم مانگە و لە مانگی داهاتوودا موتربەی مزرەمەنی و گوڵە باخ و هەنـدێك داری گەڵاوەریو دەکرێ.

بڕینەوەی رووەکی پەرژین، بڕینەوە و پەینکردنی چیمەن بـە پێـی پێویـست بـە تایبەتی بە پەینی (NPK) نایترۆجین و فۆسفۆر و بۆتاسیۆم. لە هەر کاتێکدا چـیمەن

گەشەی زۆربوو، ئەوا بەر لە تۆکردن دەبڕێتەوە و شوێنە چاڵەکان بە تێکەڵـەی لم و پەینی ئۆرگانی (٣ : ١) راستدەکرێت.

قەڵاچۆکردنی شۆکە، مڵە، کرمـی بـەری میـوە، کرمـە گـەڵاخۆرەکان مێـرووی توێشکدار، سنی ئـارداوی، کرمـە مارانـە، ئـاگرە سـۆتەکەی هـەرمێ و سـێو، گژوگیا.بە پێی پێویست.

کارتە و شیلە (سوورەپەل، قـونێر)ی دار و دەوەنـی: هـەنار و هـەنجیر و مێـو... دەبڕدرێن.



### ٥ – ئایار ( مایس ) :

لەم مانگەدا تیشکی خۆر گەرمە و بەهار و ڕەنگی ئاڵ و والآی گوڵان کاڵدەکاتەوە، بەڵام گوڵی قاوە و گوڵەباخ و مێخەك و جیرانیۆم هەر ڕەنگخۆش و ڕووگەشن...

- ئاودان بە پێی پێویست زیادەکرێت
- بژاری گژوگیا و پاچەکۆڵەکردن بەردەوامە.
- کارتەو شیلەی دار و دەوەنی هەنار و هەنجیر و مێو و مزرەمەنی... دەبڕدرێن، ). بەری زۆری لە رادەبەدەر تەنك دەکرێت.
- تۆوی گوڵی زستانە دەگیرێت و ڕووەکەکانیان هەڵدەکەندرێن. سەڵکی پیازە زستانییەکان هەڵدەکەندرێن و هەڵدەگیرێن. گوڵی پیر و بەسەرچوو دەبڕدرێن، بۆئەوەی گوڵی نوێ دەربکەنەوە، مەگەر گوڵەکە بۆ تۆگرتن بێ.
- تۆو و نەمامی گوڵە هاوینییەکانی لە مانگی رابردوو دەچێندران لەم مانگەشدا بە تەراوزی (زراعە متأخرە) یا لە کوێستان دەڕوندرێن. لێدانەوەی نەمامی گوڵە هاوینییە فەوتاوەکان.
- کارتەی (بڕینی پۆپەی گەشەکردنی) مێخەك و داودی و دالیا و... دەکرێت تا لك و گوڵی زۆرتر دەربکەن. داودی لە ئینجانەدا دەچێندرێ.
- پانتاییە سەوزەکان (چیمەن) نوێ دەکرێنەوە.
- دەرد و نەخۆشیی وەك: شۆکە، مێرووی توێشکدار، سنی ئارداوی، قەدسمەی دار، کرمی بەری میوە، دۆکە... گژوگیا بە پێی پێویست قەلاچۆدەکرێن.
- ڕووەکی پەرژین گەشەیان بەهێزە بەپێی پێویست دەبڕێنەوە و پەیندەکرێن.
- ڕووەکەکانی باخچە بەتایبەتی دار و دەوەنەکان پەیندەدرێن.
- لە نیوەی دووەمی ئایار بە دواوە لە گەرمێندا ڕووەکی باخچە ( دار و دەوەن و گوڵەباخ...) ئاو پژێن دەکرێن (دەشۆردرێن)

**٦ – حوزەیران:**

• کوورەی گەرما جۆشدەدا، بۆیە چاندن و گواستنەوەی نەمام رادەگیرێت، مەگەر ناوچەکە زۆر فێنك بێت، یا بەخۆڵەوە بێ..

• باخچە بە پێی پێویست، ( ٤-٥ جار/ مانگ ) ئاودەدرێ و (٤ - ٥ جار/ مانگ) رووەك ئاوپرژێن دەکرێن.

• بەری داری میوە بە شێوەیەکی سروشتی هەندێکی هەڵدەوەری، بەری هەندێك میوەی وەك: یەنگی دونیا، توو، مژمە ( قەیسی) و فەریکە سێو وفەریکە گەراز پێدەگەن.

• قەڵاچۆکردنی دەرد و نەخۆشییەکانی وەك: شۆکە، پازدەری گەڵا( قفاز الاوراق)، سرییس، خاڵۆزە، سوورەپند... گژوگیا بە پێی پێویست.

• مێخەکی بەسەرچوو هەڵدەکێشرێ، پیازەکانی زستانە کەماون وەك: تیولپ، سووسن، نێرگز کە گەڵاکانیان زەردبووە، هەڵدەکەندرێن و هەڵدەگیرێن..

• پانتایی چیمەن و رووەکی پەرژین دەبڕێنەوە و بە پەینی گونجاو بە پێی پێویست (١٠ گم NPK/ م٢) پەیندەکرێن. داودی بە گیراوەی ریقنە و پشقلی مەڕ هەفتانە پەیندەکرێت.

• لەکاتی فێنکدا ژێر دار و دەوەن و رووکەکان پاچەکۆڵە (تەربیش) دەکرێن و خاوێن دەکرێنەوە.



**٧ – تەمووز:**

- سروشت گەرم و وشك دەبێت، باخچە (٢ – ٤) ڕۆژ جارێك لە ساتە فێنکەکاندا و ڕۆژانەش چیمەن ئاو دەدرێت، بەیانیان یا ئێواران (٥ – ٦) جار\مانگ، ڕووەك ئاو ئاوپڕژێن دەکرێن .
- گەڵێك جۆرە سەوزە و میوە و تۆوی گوڵی هاوینە پێدەگەن و کۆدەکرێنەوە.
- تۆوی هەندێك گوڵی زستانە کە بەرگەی گەرما دەگرن: وەك پتۆنیا، وەنەوشە، شەوبۆ دەچێندرێن.
- پەینی کیمیایی (NPK) تێکەڵاو بەکاردێت.
- زیادە لقی دەوەنی خۆهەڵواس دەبڕدرێ.
- قەڵاچۆکردنی دەرد و نەخۆشییەکانی وەك: پازدەری گەڵا، سرپیس، سوورەپند... گژوگیا بە پێی پێویست.



**٨ – ئاب:**

کوشەندەی گەرمایە، کارەکانی مانگی رابـردوو وەك: ئـاودان و رووەك شـۆرین و پەینکردن و کۆکردنـەوەی تـۆوی گـوڵی هـاوینی و بەرهـەمی سـەوزە و میـوەی پێگەیشتوو.. بەردەوامە.

- لـە نیـوەی دووەمـی ئـەم مانگـەدا تـۆوی هەنـدێك پیـاز و گـوڵی زسـتانە دەچێندرێن.
- چیمەن دەبڕێتەوە و پەیندەکرێتەوە، رووەکی پەرژین هەڵدەپاچرێن.
- داودی گوڵگەورە کارتە دەکرێت و پەیندەدرێت.
- بەیانیان یا ئێواران گوڵەباخ موتربە دەکرێت.
- زەوی بۆ چاندنەوەی پیازە زستنانییەکان ئامادە دەکرێ: کـێڵان، پـەینکردن، دابەشکردن، ئاودان)
- قەڵاچــۆکردنی دەرد و نەخۆشــییەکانی وەك: پــازدەری گــەڵا، ســـرپیس، سوورەپند... گژوگیا بە پێی پێویست.



**٩ – ئەيلوول:**

میوەی رەنگاورەنگ و شیرین و مزر و مێخۆش، پێدەگەن

- ئاو و هەوا فێنك دەبێتەوە، رووەك چالاك دەبنەوە و دەبووژێنەوە.

- کارەکانی مانگی رابردوو بەردەوامن وەك: پەینکردن، ئاودان و رووەك شۆرین، بەڵام کەمتردەکرێنەوە، ، تۆوی گوڵی هاوینی و بەرهەمی سەوزە و میوەی پێگەیشتوو. کۆدەکرێتەوە.

- دار و دەونی گەڵاوەریو و هەمیشەسەوز و گوڵەباخ بە فێنکی (بەیانیان یا ئێواران) موتربە دەکرێن.

- پیازە زستانییەکانی وەك فریزیا، ئەنیمۆ، تیولپ، نێرگز، سووسن (ئایرس) و. تۆو و نەمامی گوڵە زستانییەکان لە شوێنی هەمیشەییاندا دەچێندرێن.

- چیمەن و رووەکی پەرژین بە پێی پێویست دەبڕێنەوە و پەیندەکرێن و ئاودەدرێن.

- قەڵاچۆکردنی دەرد و نەخۆشییەکانی وەك: سرییس، پێشکە سپی، وڵە، سوورەپند... دۆکە، گژوگیا بە پێی پێویست.



**١٠ – تشرینی یەكەم:**

ئاو و هەوا بەرەو ساردی دەچێت، لە كۆتایی مانگەكەدا رووەكی گەڵاوەریو رەنگی دەگۆڕێت و بەرەو گەڵاریزان دەڕوات .

- ئاودان كەمدەكرێنەوە، تۆوی گوڵی هاوینی و بەرهەمی میوەی پێگەیشتوو كۆدەكرێنەوە.
- پیازە زستانییەكانی وەك: تیولپ، نێرگز... دەچێندرێن، تۆو و نەمامی گوڵە زستانییەكان لە شوێنی هەمیشەییاندا دەچێندرێن. گڵادیولس گوڵدەدات.
- رازقی و ئەو رووەكانەی بە كوشەكردن زیاد دەكرێن، دەچێندرێن.
- رووەكی جوانی هاوینە هەڵدەكێشرێن و زەوییەكە بۆ چاندنی وەرزی زستانی ئامادە دەكرێتەوە.
- رووەكی پەرژین بە پێی پێویست هەڵدەپاچرێت و دار و لكی وشك و ناپەسەند دەبڕدرێن.
- قەڵاچۆكردنی دەرد و نەخۆشییەكانی وەك: شۆكە ،پێشكە سپی، وڵە... دۆكە بە پێی پێویست.



**١١ – تشرینی دووەم:**

زەمین سڕدەبێت، مێـروو و وردە زینـدەوەرەکان دەخزێنـە نێـو کـون وکەلەبـەری نادیارەوە، گەڵای داری گەڵاوەریو دەکەوێت.

● لە دوای گەڵارێزاندا، زەوی ژێر دارەکان دەکێڵدرێت و پەینی ئاژەڵی دەدرێتـە داری میوە بەڵام ئاو نادرێت.

● دار و دەوەنی گەڵاوەریو هەڵدەپاچرێت. مێو کوشەدەکرێ.

● ڕووەکـی هاوینـەی بەسەرچـوو هەڵدەکێـشرێت وجێگەکـەیان بـۆ چـاندنی زستانییەکان ئامادە دەکرێ، پیازی هاوینەی بەسەرچـوو هەڵدەکەنـدرێ، خزمـەتی پیازەکان و ڕووەکی جوانی چێندراو دەکرێ، لێدانـەوەی نـەمامی گوڵـە زسـتانییە فەوتاوەکان. ئەگەر وشکەساڵ بوو، ئەوا بە پێـی پێویـست ئـاودان و پـەینکردن و تەربیش دەکرێت.

● لە نیوەی دووەمی مانگەکەوە دەکرێت نـەمامی دار و دەوەنـی گـەڵاوەریو و پەلی گوڵەباخ و هەنجیر و هەنار و... بچێندرێن. نـەمامی گوڵـەباخ و مـۆرد بـە خۆڵەوە دەگوازرێنەوە.

● بەری مزرەمەنی پێگەیشتوو کۆدەکرێنەوە.



### ١٢- کانوونی یەکەم:

- دار هەڵپاچین و بنمێوکردن (کێڵانی ژێر دارەکان) و پەیندان و نەمام و پەل چاندنی مانگی رابردوو بەردەوامە.
- بەری مزرەمەنی پێگەیشتوو کۆدەکرێنەوە. داودی لە گوڵکردندا بەردەوامە.
- خزمەتی رووەکی زستانە دەکرێ.
- رووەکە ناسکەکان (ئەوانەی بەرگەی سەرما ناگرن) لە بەستەڵەك دەپارێزرێن.
- پیازە هاوینییەکانی ماون وەك: گلادیولس، دالیا،... هەڵدەکەندرێن.
- خزمەتی پیازە زستانییەکانی وەك نێرگز، تیولپ، سونبل، سووسن... دەکرێت. نابێت دالیا ئاوبدرێت.
- زستانە پرژاندن (الرشة الشتوية) بە وینرۆل (یا قرکەری دیکەی گونجاو) بۆ دار و دەوەنی گەڵاوەریو کە پێویست بێت ئەنجام دەدرێ.



+خشتەی ژمارە (١) هەندێك زانیاریدەربارەی گوڵی وەرزی - زستانی ك لە كوردستاندا هەن:

| ناوی كوردی | ناوی زانستی | تێبینی | چاندنی بە... لە... | نێوانیان بە سم | كاتی گوڵكردنی | رەنگی گوڵەكانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گوڵە كاغەز | *Acroclinum sp.* | ٣٠- ٩٠ | تۆو<br>ئەیلوول – ت١ | ٢٠ – ٢٥ | نیسان- ئاب | ئاڵ، سپی |
| هەمیشە بەهار<br>(قەرەقۆز، ئەقحەوان ) | *Calendula officinallis* | ٣٠ ٦٠ | تۆو راستەوخۆ<br>زۆربەی كاتەكان | ١٠- ١٥ | نیسان- ئەیلوول | پرتەقاڵی، زەرد، سپی. |
| ئەستەر چینی، داوودی<br>عەجەمی | *Callistephus chinensis* | ١٥- ٧٥ | تۆو<br>پایز | ٣٠ – ٥٠ | | هەمەرەنگ<br>بۆ چنینەوە باشە |
| پەپولە ( وەنەوشە،<br>مەرجان ) | *Vetoonia spp.* | ٢٠ ٣٠ | تۆو | ١٠ – ١٥ | | هەمە رەنگ |
| سەنتۆریای وەرزی | *Centarea cyanus* | ٣٠- ٧٠ | تۆو | ٢٥ لە ناو ئینجانە،<br>بۆ چنینەوە باشە | ٢ مانگ دوای چاندن | سپی، ئاڵ، شین ، سوور |
| گوڵە قۆپچە<br>(دوگمە، دایزی) | *Bellis perennis* | ١٠ | تۆو<br>پایز | ١٥-٢٠<br>بەرگەی سەرما دەگرێ | نیسان -حوزەیران | سوور، سپی، نارنجی، ئاڵ،<br>مێخەكی |
| داودی وەرزی | *Chrysanthemum coronarium* | ٥٠ – ٨٠ | تۆو | ٢٥- ٣٠ بۆیە<br>پێویستە زوو زوو<br>ئاو بدرێت | نیسان –<br>حوزەیران | هەمە رەنگ، رەگی كەمە |
| سەناریا | *Cineraria cruneta* | ٢٠ – ٦٠<br>پەینی زۆر و ئاوی زۆری<br>دەوێت | تۆو، پایز | ئینجانە- سێبەر<br>زۆر جوانە | | هەمە رەنگ<br>تەمەندار و وەرزی هەیە |

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | تێبینی | چاندنی بە... لە... | نێوانیان بە سم | کاتی گوڵکردنی | رەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کۆریۆپس | *Coriopspsis tinctoria* | ٢٥ - ٧٠ | تۆو پایز | ٧ × ٢٥ تەمەندار و وەرزییە | | زەردی خاڵدار |
| دەمە شێر | *Antirrhinum majus* | ٢٠ – ٨٠ یەك وەرزی دوو وەرزییە | تۆو و پەل، راستەخۆ یا لە نەمامگە | ٣٠ × ٣٠ | نیسان – ت ١ | هەمە رەنگ |
| کوریلە (دەنوکە مەڵ ،دەرزیلە) | *Delphinium ajasis* | ٣٠ – ١٢٠ | تۆو پایز | ٢٠ – ٢٥ | | هەمە رەنگ |
| شەوبۆ (مەنسور) | *Mathiola incana* | ٣٠ – ٨٠ (بۆنخۆشە) | تۆو، نەمام ئاب- ئەیلول | ٢٠ – ٣٠ لە ئینجانە | نیسان- ئاب کارتەکردنی دەوێ | هەمە رەنگ |
| پۆنکە بۆنخۆشە (بەزالیای عەتر) | *Lathyrus odorata* | ٢٠٥ م خۆی هەڵدەواسێ، بۆنی خۆشە . | تۆو، راستەخۆ زۆربەی کاتی ساڵ | ٢٠- ٣٠ × ٥٠ | شوبات- نیسان | سوور، سپی، ئاڵ، مۆر. |
| چاوە نەخۆش (تلاردیا) | *Gaillardia pulchella* | ٣٠ – ٥٠ (دووەوەرزیشی هەیە) | تۆو لە بەهار و پایز | ٣٠ زستانە و هاوینەیە | زۆربەی کاتەکانی ساڵ | هەمەرەنگ |
| پتۆنیا، گوڵە بۆرییە | *Petunia hybrida* | ٨٠- ١٢٠، رووەکێکی گوڵداری نیوە وەستاوە | تۆو، پایز | ٣٠ زستانە و هاوینەیە | بەهار و هاوین | شین، وەنەوشەیی، سپی، سوور |

خشتەی ژمارە (٢) هەندێك زانیاری دەربارەی چەندین گوڵی وەرزی - هاوینی، کە لە کوردستاندا هەن:

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | تێبینی | چاندنی بە... لە... | نێوانیان بە سم | کاتی گوڵکردنی | رەنگی گوڵەکانی |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| شەستپەڕ( جۆری،قەدیفە جەعفەری | *Togets patula .* | ٢٠ - ٨٠<br>بۆنخۆشە، بۆ چنین باشە | تۆو راستەوخۆ بەهار | ٤٠ -٥٠ | ١ت | زەرد، سوور، ئاڵ، پرتەقاڵی |
| زینیا ( ئەستەنبۆڵی ) | *Zinnia eleganus* | ١ — ١٠٥ م<br>بۆ چنینەوە باشە | تۆو، نەمام.<br>ئادار- نیسان | ٢٠×٣٠<br>٥٠ | | هەمەرەنگ |
| سۆراو (سەوڵ، پۆپیتە کەلەشێر، بسکیلە ) | *Celosia argentera cristata* | ١٥ - ٨٠ | تۆو ئادار-<br>نیسان،نەمام. | ٣٠- ٤٠ | | سوور، ئاڵ، زەردباو |
| لالە عەباس (گوڵە نێوارە ) | *Mirabilis jalapa* | ٦٠- ٩٠ | تۆو ئادار- نیسان | ٣٠ - ٥٠ | | زەرد، سوور، ئاڵ، سپی، خاڵدار، هەمەرەنگ |
| گوڵە ئاگر ( مەرجان، سالڤیا ) | *Salvia splendens* | | تۆو | | | سوور، سپی |
| گوڵە خەنە | *Impatiens balsamina* | ٤٠ ٦٠ کارتە دەکرێ | تۆو بەهار | ٤٠ | | زەرد، سوور، ئاڵ، سپی |
| نازناز | *Portulaca grandiflora* | ١٥ — ٢٠ دەخشێ | تۆو، پەل | ١٠- ١٥ | | هەمە رەنگ |
| فلۆس | *Ageratum mexiconum* | ١٥- ٤٥ | تۆو نەمام بەهار | ٢٠- ٢٥ | تەمووز — ١ت | شین، هەمەرەنگ |
| مافوور، کۆلیۆس | *Coleus blumei* | ٥٠- ١٠٠ | تۆو، پەل<br>ئینجانە ، سێبەر | | مایس — ١ت | گەڵاو گوڵی رەنگاو رەنگە، تەمەندار و هاوینییە |
| کۆزمۆس | *Cosmea bipinnatus* | ١٢٠- ١٨٠<br>کارتەکردنی دوێ | | ٤٠ — ٥٠ | درەنگ گوڵدەکات | سپی، سوور، زەردباو |

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | تێبینی | چاندنی بە... لە... | نێوانیان بە سم | کاتی گوڵکردنی | ڕەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| قۆپچەی هاوینی | *Comphrena globosa* | ٤٠ گوڵی وشکە | تۆو نەمام بەهار | | | هەمەڕەنگ |
| کچە بالیۆزی هاوینی | *Euphorabia heterophylla* | ٤٠- ٨٠ | تۆو بەهار | | ڕەنگی گەڵای سوور و نارنجی و سەوزە | گوڵەکەی بی بایەخە |
| گیا گێسك ( پرچی کچان ) | *Kochia trichophylla* | ٦٠ -٨٠ | تۆو بەهار | ٦٠ | ڕەنگی سەوزی و شێوەکەی جوانە | گوڵەکەی بی بایەخە |
| ڕەیحان | *Ocimum basilicum* | ١٠-١٠٠ سم، بۆنخۆشە | تۆ | ٥-٢٠ | بۆ بۆن و جوانی گەڵای دەچێنرێت | گوڵەکەی بی بایەخە |
| سانڤیتالیا (زینیا) | *Sanvitalia procombens* | ١٥، کشۆکە | تۆو بەهار لە گەرمەسێردا بە زستانیش دەچێندرێ | ٣٠ | حوزەیران - ئەیلوول | زەرد، پەمبە |

گوڵەکانی : هەمیشەبەهار ، داودی وەرزی ، پتۆنیا، مەرجانی شین، میناى وەرزی کە گوڵی زستانەن بە هاوینیش دەچێندرێن .

**خشتەی ژمارە (٣) : هەندێك زانیاری دەربارەی چەندین گوڵی دووساڵی کە لە کوردستنتاندا هەن :**

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | تێبینی و بەرزی | چاندنی بە ... لە.... | نێوانیان بە سم | گوڵکردنی | رەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| هێرۆ | *Althaea officinats*<br>*A. r0sea* | تەمەندارو دوو وەرزییە<br>١-٢ م | لە پایزو سەرەتای بەهار.<br>بە تۆو، دابەشکردن | | سادەو<br>شەستپەڕە<br>بەهار | سپی، سوور، ئاڵ.... |
| مێخەکی چینی،<br>جوانی یوسف | *Dianthus barbatus* | ٢٠ - ٤٠ | ئاب- ئەیلوول | ٢٠ — ٢٥<br>ئینجانە | ئادار —<br>تەموز | سوور، ئاڵ، سپی ،<br>دوو رەنگ، تێکەڵاو |
| سکابیۆزا | *Scabiosm atrupurpurea* | ٦٠ زستانی و هاوینی و<br>دووە وەرزی و تەمەندارە | تۆو، دابەشکردن. بەهار<br>و پایز | ٢٠ | | هەمەرەنگ ،<br>بۆ چنینەوە باشە |

**خشتەی ژمارە(٤) هەندێك زانیاری و دەربارەرەی چەندین گوڵ و گیای تەمەندار کە لە کوردستناندا هەن:**

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | تێبینی<br>بەرزی بە سم | چاندنی بە... کاتی... | ماوەی نێوانیان بە سم | گوڵکردنی | ڕەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مێخەك | *Dianthus caryophyllus* | ٤٥- ٧٠ ، بۆنی خۆشە کارتە دەکرێت، لکی کەم دەکەنەوە تا گوڵی گەورە بێ | کوشە، پەل، تۆو تۆ لە ئینجانە دەچێنن تەمەندارو دوو وەرزییە | ٢٠، پێویستی بە داو هەیە ڕاییگرێت، دووساڵی وتەمەکدارە | درێژایی ساڵ سادەو شەستپەڕ | هەمە ڕەنگ |
| داودی | *Chrysanthemum spp.*<br>*C. hortorum* | ٧٥- ١٠٠ | شیلە، پەل، تۆو، نیسان - مایس ساڵانە بچێندرێتەوە باشترە | ٢٥- ٣٠ کارتە دەکرێت) لووتکەی گەشەکردنی دەکرتێنن تا لکی زۆر دەربکات | پایز، شوبات | هەمە ڕەنگ ، نادار |
| گەزانیا | *Gazania lougiscapa*<br>*G. splendern* | ١٠-٢٠ قەدی نییە بەرگەی سەرما ناگرێ | دابەشکردن، تۆو. پایز- بەهار | ٢٠ – ٢٥ | زۆربەی کاتەکانی ساڵ | زەرد، پرتەقاڵی، خاڵدار |
| جەربێرا | *Gerbera hybrida*<br>*G. jamesonis* | ١٥ – ٣٠ قەدی نییە، بۆ چنینەوە باشە | دابەشکردن، تۆو پایز - بەهار | ٣٠- ٤٠ | درێژایی ساڵ | هەمە ڕەنگ |
| وەنەوشە | *Viola odorata* | کشۆکە، بۆنی خۆشە | قەدی رەگدار، پەل. تۆو شوبات – نیسان | ٤٠-٥٠ | کۆتایی پایز، زستان، سەرەتای بەهار | وەنەوشەیی (مۆر) سپی |
| ساردۆنیا (جیرانیۆم) | *Pelagonium spp.* | ٢٠ – ٤٠، لووتکەی گەشەی دەکرتێندرێ | پەل، تۆو بەهار ، پایز | ٣٠، بەرگەی ساردی و گەرمی ناگرێ. | پایز، بەهار | هەمە ڕەنگ، سادەو شەستپەڕی هەیە |
| بۆنخۆشکە، عەتری چا | *pelargonium graveolens* | ٣٠ –٥٠ سم، پێویستی بە ڕاگرە | قەدەپەل، بەهار ، پایز | بەرگەی ساردی زۆر ناگرێت بایەخی لە بۆنەکەیەتی | پایز، بەهار | وەنەوشەیی،ئاڵ |
| جاترە | *Fumaria spp.* | ٢٠-٥٠ سم پنچکێکی گەڵاوەریوە | تۆو ، بەهار | | بەهار | بایەخی لە بۆنەکەیەتی |
| پوونگ | Mentha *spp.* | ٢٠-٢٠ ، بۆنخۆشە | پەل، لقی ڕاکشاوە، | بایەخی لە ڕەنگی گەڵاو | هاوین و پایز | سپی، ئاڵ |

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | تێبینی<br>بەرزی بە سم | چاندنی بە... کاتی .... | ماوەی نێوانیان بە سم | گوڵکردنی | رەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| رەیحان | .*Ocimum basilicul* | ٥٠- ١٠٠ سم ، یەك<br>وەرزییەکی هاوینەیە | تۆ، لە سەرەتای بەهاردا | ٢٠- ٤٠<br>بە پێی جۆرو پۆلەکەی | بەهارو هاوین | بایەخی لە بۆن و<br>گەڵایەکەیەتی |
| ئەسپەراکس | *Asparagus spp* | خۆهەڵواسی تەمەندارە،<br>جۆری زبر و وردی هەیە. | رەگی گۆشتین، تۆ،<br>دابەشکردن | بایەخی لە جوانی<br>گەڵایەکەیەتی | هاوین، پایز، | سپی، گورگەیی<br>بۆ گەڵاکەی دەیچێنن |

**خشتەی ژمارە (٥) هەندێك زانیاری دەربارەی چەندین پیازە گوڵجوانەکانی و ڕووەکەکانی بەرسێنەر کە لە کوردستاندا هەن:**

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | تێبینی<br>بەرزی بە سم | چاندنی بە... لە... | نێوان ڕووەکەکان<br>بە سم | کاتی گوڵکردنی | ڕەنگی گوڵی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گلادیولس | *Gladiolus spp..* | بۆ چنینەوە دەشێت | تۆو، کورمە<br>پایز، بەهار | ١٥-٤٠ | زۆربەی کاتەکانی ساڵ | هەمە ڕەنگ |
| فریزیا | *Fressia hybrida* | ٢٠- ٤٠ سم بەرزە ، بۆنی خۆشە | تۆو، کورمە<br>ئەیلوول و- ت١ | | بەهار، زستان | هەمە ڕەنگ |
| زەنبەق (تۆپووز) | *Polinathes tubersa* | ٦٠ بۆنی خۆشە | تۆو، کورمە،<br>لە ئادار- نیسان | ٢٠ -٥٠ × ٣٥ - ٥٠ | بە درێژایی هاوین | سپی |
| زەعفەران<br>(کرۆکس) | *Crocus sp.* | ٤ - ٧ | کورمە، تۆو | ٧- ١٠ | | هەمە ڕەنگ |
| دالیا | *Dahlia spp..* | ٥٠- ١٥٠سم ،<br>بۆ چنینەوە باشە | گرۆ، پەل تۆو،<br>ئادار- مایس | ٥.م ×١م | زۆربەی کاتەکانی ساڵ،<br>کارتە دەکرێت | هەمە ڕەنگ |
| گوڵاڵە، نیسان<br>گاگرۆ، ئەنیمۆ.. | *Anemone spp.* | ٣٠ - ٤٠ | گرۆ، تۆو | ١٥ | | سوور، پرتەقاڵی |
| شەهلا، گوڵەمۆز | *Canna indica* | ١٥٠ - ٢٠٠ سم | گرۆ، ،براڵە، تۆو | | بەهار | زەرد، سوور |
| نێرگز | *Narcissus sp.* | ٢٠ - ٣٠،<br>بۆ چنینەوە باشە | پیاز، ئەیلوول | ١٠-١٥ × ٢٠- ٣٠<br>ئەیلوول- ت ١ | ك ٢ - نیسان | سپی، زەرد |
| سنبل | *Hyacinthusorea orientalis* | ٣٠- ٥٠ ،<br>بۆ چنینەوە باشە. | پیاز، تۆو، تۆپکە گەشەی ببڕن یا لەت بکرێت بۆ ئەوەی پیازی دیکە بدات | ١٥- ٣٠ | | |

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | تێبینی<br>بەرزی بە سم | چاندنی بە... لە... | نێوان ڕووەکەکان<br>بە سم | کاتی گوڵکردنی | ڕەنگی گوڵی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سوسن | *Tris sp.* | ٢٠- ٨٠،<br>بۆ چنینەوە باشە. | پیاز، تۆو<br>شوبات - نیسان | ١٥ - ٣٠ | هاوینی: مایس- حوزەیران<br>پاییزی: ئەیلوول- ت ٢ | زەرد،سپی، شین،<br>وەنەوشەیی |
| جوانەمەرگ،<br>لیلیەم | *Lilium spp.* | تەرزی یابانی و ئەمریکی و<br>بەرمۆدای هەیە ، بۆ چنینەوە دەشێ | تۆو، پوولەکەی<br>گۆشتن، پیاز | ٣٠ - ٥٠ | زۆربەی کاتەکانی ساڵ. | سپی، زەرد،<br>پرتەقاڵی، سوور |
| لاله، تیولپ<br>(مەندیلان) | *Tulipa sp.* | ٤٥- ٧٠، بۆ چنینەوە<br>باشە | پیاز، تۆو | ١٠ ؟؟؟ | ك ٢- نیسان ؟؟؟ | هەمە ڕەنگ |
| شلێر | *Fritillaria imperiails* | ٢٠- ٤٠ | تۆو ، پیاز | ٢٠سم | ئادار ئیسان | پرتەقاڵی |
| گوڵە نایلۆنە<br>(سایکلامین) | *Cyclamen indicum* | | گرۆ<br>پیازێکی زستانەیە | | بەهار | هەمەڕەنگ |
| لاستیك (فیكس،<br>مەتات | *Ficus decora elastica* | دەون یا دارە ١٥م بەوزە<br>هەمیشە سەوزە، | قەدەپەل و کۆشەی<br>هەوایی، | ڕووەکی ئینجانەو<br>بەرسێبەرو بەر هەتاوە | بۆ جوانی گەڵای دەچێندرێت | |
| گوێفیل | *Colocacia esculenta* | | قەدەپەل و شیلە | ڕووەکی ئینجانەیە | بۆ جوانی گەڵای دەچێندرێت | |
| قەفەزسنگ | *Monstera deliciosa* | ٢-٣ م بەرز دەبێت<br>هەمیشە سەوزە | قەدەپەل و کۆشەی<br>هەوایی، | ڕووەکی ئینجانەو<br>بەرسێبەرە | بۆ جوانی گەڵای دەچێندرێت | |
| پێستە پڵنگ | *Sanscvieria thyrsiflora* | ٣٠-٤٠ سم<br>بەرزە،تەمەنداره | پەل و دابەشکردن،<br>براله ،رایزۆم | ڕووەکی ئینجانەمو<br>بەرسێبەرە | بەهار، با یەخی لە جوانی<br>گەڵا ئاوگییەکانیەتی | سپی |

**خشتەی ژمارە (٦) هەندێك زانیاری دەربارەی چەندین رووەکی خۆهەڵواس کە لە کوردستاندا هەن:**

| ناوی رووەك | ناوی زانستی | تێبینی و بەرزی | چاندنی بە... لە.. | نێوان رووەکەکان م | گوڵکردنی | ڕەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پە نجەی خانم (گوڵە هەنگوین) | *Lonicera japonica halllana* | هەمیشە سەوزی بۆن خۆشە، خۆ هەڵواسە | تۆو، پەل | | بەهار و هاوین و پایز | سپی |
| چنگە پشیلە | *Doxantha unguis-cati* | ١٠ م، خۆ هەڵوایێکی گەڵاوەریوە | تۆو، قەدە پەل، کوشە، بەهارو پایز | | لەهار | زەرد |
| لاولاو ی ئاسایی | *Ipomoea sp.* | خۆ هەڵوایی وەرزییە | تۆو، لە کۆتایی هاویندا | | زستان بەهار | شین، وەنەوشەیی،سپی، ئاڵ |
| لفکە شامی | *Luffa aegyptica* | | توو ، ئادار وئاب | | بەهررو پایز | سپی، زەرد |
| دۆزەخیی جەهەنەمی | *Bougainvillea spp.* | ٦ م، هەمیشە سەوزێکی نیمچە خۆهەڵواسە | پەل، لە بەهاردا | | درێژایی ساڵ | سوور |
| یاسەمینی سپی | *Jasminum spp.* | بۆنی خۆشە، دەخشێ | پەل، ، کوشە | | درێژایی ساڵ | سپی |
| مەرجان | *Antigonon leptopus* | | پەل | | هاوینی، پایزی | سپییە |
| ویستۆریا | *Wistoria chinensis* | گەڵاوەریوە | تۆو | | بەهارییە | وەنەوشەیی |
| گوڵە سعات | *Passiflora caerulea* | | پەل، تۆو | | زستان و بەهار | وەنەوشەیی |
| مینا | *Lantana camara* | تەمەندارێکی گەڵاوەریوی نیمچە خۆهەڵواسە | پەل، تۆو ، لە پایزو بەهاردا | | بەهار و هاوین | ئاڵ، زەرد سپی... |

| ناوی رووەك | ناوی زانستی | تێبینی و بەرزی | چاندنی بە... لە.. | نێوان رووەکەکان م | گوڵکردنی | ڕەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| مالوێنچە، لاولاو هایدرا | *Hydra helix* | خۆهەڵواسی تەمەندارە | قەدەپەل و کوشە لە بەهارو پایزدا | | | گەڵای جوانە |
| هە نجیری درکاوی | *Opuntia ficus-indica* | ٣-٤ م | قەدەپەل.ن بەهار | | هاوین | زەرد، سوور |
| درکە ماران | *Euphorbia milii* | ٢ م گەڵاوەریوە | قەدەپەل، بەهار | | | سوور، سپی، زەرد، ئاڵ |
| ئاگاڤ | *Agave americana* | دەوەنێکی کورتە بالایە نێرکەکەی ٢م بەوزە | نۆو ، براله | | | |
| ئەلۆی | *Aloe vera* | ٦٠ سم | براله، لەار | | بەهار | زەرد |
| کالانشۆ | *Kalanckoe marmorat* | | پەلەقەد، گەڵایە قەد | | بەهار | سوور، زەرد |
| | | | | | | |
| | | | | | | |

**تێبینی : ١- ناوی دارو دەوەنەکان پتر لە بابەتی دارستاندا هاتووە، بۆیە لێرەدا کورتبڕی تێداکراوە.**

**٢- خودا یاربێت لە دەرفەتێکی داهاتوودا خشتەکان بەگشتی پوخت و گشتگرتر دەکەین.**

**خشتەی ژمارە (٧) هەندێك زانیاری و ناوی هەندێك دەوەن و ڕووەكە دڕكاوییە ئاوگییەكانی كە لە كوردستاندا هەن:**

| ناوی كوردی | ناوی زانستی | بەرزی وتێبینی | چاندنی بە.. لە... | نێوانیان بە م | كاتی گوڵكردنی | ڕەنگی گوڵەكانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گوڵە باخ | *Rosa spp.* | ٥٠ – ٢٠٥ م زۆر جۆری هەیە ، بۆنی خۆشە | پەل، موتربە، تۆو | ٧٥٠- ١٠٥ × ٢,٥. | زۆربەی كاتەكانی ساڵ | هەمە ڕەنگ و هەمە جۆر |
| گوڵهەنار | *Ponica granatum* | بچوكە | پەل. پایز بەهار | ٢ - ٤ | | سوور |
| ششێنك، شەواشێنك | *Spartium junceum* *Santolia spp.* | | پایز، بەهار | ٣ × ٤ | | زەرد |
| شن شن زی، دڕگەزی ئەستری، | *Paliurius palwris* *Paliuris spina – Christ* | گەلاوەریوە | | | | |
| گەز | *Tamarix spp.* | دەوەن و داری بەزی هەمیشە سەوزە | تۆو، پەل. بەرگەی تێنووەتی دەگرێ | | | |
| مازووی فەوەكی، سۆیا | *Thuja orientalis* | ٣-٥م ،هەمیشە سەوزە ، بە بڕین شێوەی جوان وەردەگرێ | تۆون | | ڕەنگی گەلای سەوزێكی جوانە | زەردباو |
| ئەرخەوان | *Cercis siliquastrum* | | | | | |
| گوڵە قاوە | *Lagerstromia indica* | گەلاوەریوە. ٤ م بەرز دەبێ. | پەل، تۆو. بەهار، پایز | ٢- ٤ م | | سووور، مۆر، سپی |
| گوڵ هەنار | *Mesua ferrea* | گەلاوەریوە | | | | |

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | بەرزی وتێبینی | چاندنی بە.. لە... | نێوانیان بە م | کاتی گوڵکردنی | ڕەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| شەنگە گوڵ | *Hibiscus rosa sinensis* | هەمیشە سەوزە، ٥ م بەرز دەبێ | پەل، موتربە. | | ماوەیەکی زۆر گوڵدەگرێت | سوور، سپی. |
| ڕاسقی | *Asminum sambac* | هەمیشە سەوزە ، ٥ م بەرز دەبێ. | پەل، کوشە. | | زۆربەی کاتەکانی ساڵ، بۆنی خۆشە | سپی، پەمبە ، سوور. |
| سمێڵ زل | *Poinciana gilliessi* | | تۆو. بەهار ، پایز | ٤ × ٣ | | زەرد، سوور |
| یاسم | *Legustrum ovalifolium* | | | | | |
| شمشاد | *Buxus suffruticasa* | هەمیشە سەوزی فرە گەڵایە | قەدە پەل | | | بۆ جوانی فەدو گەڵای دەچێندرێت |
| کچە باڵیۆز | *Euphorbia pulcherrmia* | گەڵاوەریوە، ٣ م بەرز دەبێتەوە | پەل ئاب – ئەیلوول ، | ٣ - ٢ | | لە پایزدا ڕەنگی گەڵای لقە بەرزەکانی: زەرد، پرتەقاڵی، سوور دادەگەڕێت |
| کفر | *Vitex sp.* | دەوەنێکە گەڵاوەریوە | تۆو | | | |
| هێرۆی سوری | *Hibiscus syriacus* | | | | | |
| دورنتا | | ٣هەمیشە سەوزە م بەرز دەبێتەوە | پەل، تۆو | ٤ -٣ | بەهار و پایز | سپی، زەردباو، مەیلەو شین |
| گێوژ، گویژ، گویشك | *Crataegus azarolus* | سروشتی گەڵاوەریوە | تۆو ، شیلە | | بەهار | ڕەنگی بەری سوور، زەرد، پرتەقاڵی |
| شەوبۆی دەوەن | | | پەل، تۆو. بەهار، پایز | ٣ - ٢ | | |

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | بەرزی وتێبینی | چاندنی بە.. لە... | نێوانیان بە م | کاتی گوڵکردنی | ڕەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| گەنە گەرچەك | *Ricinum communis* | ١٥٠- ٢٥٠ هاوینی | تۆو لە بەهار | | | بۆ جوانی گەڵاکانی و بۆ پەرژین دەچێندرێ |
| ڕوومکی پەرژین | | | | | | |
| سیسبان ، دڕك شوك القدس | *Parkinsonia aculeata* | دەوەنێی دڕکاویی هەمیشە سەوزە | | | | |
| دڕکە زی | | | | | | |
| ئینجا | *Inga dulcis* | دڕکاوی هەمیشە سەوزە | | | | گوڵی زەردە |
| مورتك | *Myrtus communis* | هەمیشەسەوزە، بۆ پەرژین باشە، بۆنی خۆشە ٣ م بەوزە | پەل، تۆو | | ئایار حوزەیران | سپی |
| ژاڵە، ڕولك، ڕویك | *Nerum oleander* | هەمیشە سەوزە ٥ م بەرز دەبێ. دەوەنە یا دارێکی بچووك هەمیشەسەوزە | پەل، تۆو. بەهار، پایز | | لە کۆتایی بەهار | سپی، زەرد، ئاڵ، سوور، ئەرخەوانی |

**خشتەی ژمارە ( ٨ ) هەندێك زانیاری و ناوی چەندین دار لە کوردستاندا هەن:**

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | تێبینی | چاندنی بە... لە... | کاتی گوڵکردنی | ڕەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|
| سیسبان ، دڕکی قودس | *Parkinsonia aculeata* | د دڕکاوییە | | | |
| سنگ، ئەکاسیا، شوك الشام، | *Acacia farnesiana* *Acacia arabica* | دارێکی دڕکاویی هەمیشە سەوزە | تۆو | دارەکەی زۆر بە سوودە | |
| ئەکاسیا، شوك الشام، | *Acacia saligna* | | تۆو | | |
| سنجو، بزوالاروك | *Rhmnus kurdica* | گەڵاوەریوە | ا | | |
| پێ حوشتر | *Bauhinia alba , B.variegata., B. purpurea* | نیوە گەڵاوەریوە ، بەرگەی سەرما ناگرێت | شیلوە، پەل، تۆو | | سپی، وەنەوشەیی |
| کازوارینا | *Casuarina equisetifolia* | دارێکەی هەمیشە سەوزە ، ٣٥م بەرزدەبێتەوە | تۆو | | |
| | | | | | |
| سەروی شاتان | *Cupressus sempervirens V. Pyramidalis* | هەمیشە سەوزە، | تۆو ، پەل، چەند جۆرێکی هەیە. | | |
| دار تەسبیح | *Melia azedarach* | گەڵاوەریوی قەوارە مام ناوەندییە | تۆو | | ئەرخەوانی ، بۆنی خۆشە |
| ئەکاسیا | *Acacia arabica* | هەمیشە سەوزێکی دڕکاوییە، | تۆو | بەهار و هاوین | زەرد |
| کافوور، یوکالیتۆس | *Eucalyptus spp.* | هەمیشە سەوزە. جۆری گەورە و مام ناوەندی هەیە | تۆو | بەهاری و هاوینی و پایزی هەیە | |

| ناوی کوردی | ناوی زانستی | تێبینی | چاندنی بە... لە... | کاتی گوڵکردنی | ڕەنگی گوڵەکانی |
|---|---|---|---|---|---|
| فلچەی شووشە | *Callistemon lensiolate = C. viminales* | دار یا دەوەنێکی هەمیشە سەوزی لکی شۆڕە | | زۆربەی کاتەکانی ساڵ، | سوور، ئاڵ |
| سیسم ، شیشام | *Dalbergia sissoo* | گەڵاوەریوە، خڕە | تۆو | | سپی |
| ڕوبینیا | *Robinia pseudoacacia* | گەڵاوەریوە | تۆو | | |
